# دواڕۆژ

دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

٢٠٢٦/٤/١٤ـ ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤٧

dwaroj.net


## پشتیوانی لە هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستان لە بارودۆخی ئێستادا



ڕەزا ئەخگەر

لەنێوان کۆماری ئیسلامی لەلایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەکی تر، فەزای سیاسیی کوردستان چووەتە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسساز. ڕەوتی دروستبوونی ئەم هاوپەیمانییە تەنیا وەڵامێک بۆ بارودۆخی جەنگ نەبووە؛ نزیکەی ساڵێک پێش دەستپێکردنی ئەم جەنگە، گفتوگۆ و ڕاوێژ لە چوارچێوەی «ناوەندی دیالۆگ» لەنێوان ئەم حیزبانەدا لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگ بەردەوام بوو. ئەم ڕەوتە وەک چالاکییەکی سیاسیی ئاشکرا، نەک هەر ڕووبەڕووی ڕەخنە و دژایەتییەکی دیاریکراو نەبووەوە، بەڵکو وەک ڕەوتێکی ئاسایی لەلایەن ڕای گشتییەوە پێشوازی لێ کرا و لە کرداردا بوو بە بەشێکی گرنگ لە ئەجێندای سیاسیی کوردستان...

...بۆ ل٣

# کۆماری ئیسلامی لە لێواری تەسلیمبوون یان ڕووخان؛
## حیزبە کوردییەکان:ئاگری خەبات ناکووژێتەوە



لە کاتێکدا دوای ٣٩ ڕۆژ شەڕ لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل و ئەمریکا لە ئێستادا گەڕێکی دیکەی دانوستان بە نێوندگیری وڵاتی پاکستان دەستپێکردووەتەوە و یەکەمین گەڕی دانوستانەکان بەبێ ئەنجام کۆتایی هات کە لە ڕۆژانی رابردوو ئەمریکا گەمارۆیەکی ئابووری قورسی بەسەر ئێراندا لە گەرووی هورمز سەپاندوە و بە گوێرەی چاودێرانی سیاسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لە بەردەم دوو بژاردەی وێرانکەردان کە هەڵبژاردنی هەر کام لەم بژاردەیانە دەتوانت ببێتە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی ئەم سیستمە دژە مرۆڤییە. لە گەڕی یەکەمی دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا، جێگری سەرۆکی ئەمریکا هێڵە سوورەکانی وڵاتەکەی بەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندوە لەوانەش دەستبەرداربوون لە پیتاندنی یۆرانیۆم، ڕادەستکردنی زیاتر لە ٤٠٠ کیلۆ یۆرانیۆمی پیتندراو و هاوکات...

...بۆ ل ٢

## سەروتار

### ڕاگرتنی شەڕ گورزێکی ترە لە تاران...!

عەزیز ئاجیکەند

هێرشی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی، دوای هەڕەشەیەکی زۆر، بۆ ماوەی دوو حەفتە ڕاگیرا. ئەم ڕاگرتنەی شەڕ بە مانای ئاشتی و کۆتایی جەنگ نییە؛ بێدەنگکردنی چەکەکان، وەستانێکی کورتە بۆ بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی ئەو پێکهاتەیەی کە هەر لە سەرەتاوە بە سەرکوت، لەسێدارەدان و قەیران باڵای کردووە.

کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل، ئەگەرچی لە چەشنی گرێپووچکەن، بەڵام بە هێزی چەک و گوشارەکان ڕوویان لە کرانەوەیە. مەودای داخوازییەکانی ئەمریکا و ئێران هەرچەند لێک دوور بن، ئاسۆی چارەسەکردنی بارگرژییەکان لێڵ نین و دەسەڵاتی تاران بەرەو چۆکدادان دەبەن. گوشار و سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارە ناوچەییەکان و سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی، کەمبوونەوەی بڕشت و کاریگەرییەکانی، دوو شەڕ لە مەودایەکی کورتدا، لەدەستدانی ڕێبەر و بەشی هەرە زۆری بەرپرسە باڵاکان و لەناوچوونی سەدان بنکە و بارەگای سەرکوت؛ دەسەڵاتی تارانیان بە کردەوە خنکاندووە و هەناسەیان لێ بڕیوە. سیاسەتی چنگوددان نیشاندان و چڕنووک وەشاندن، تەنگژەی زۆری بۆ دروست کرد و تەنانەت لە تاودانی ئەسپی مردووی خۆشی بێبەری کرد.

هەناردەکردنی تیرۆریزم و شۆڕشی ئیسلامیی بۆ گشت جیهان، شەڕخوازی و هەڕەشەی بەردەوام بۆ لەناوبردنی ئیسرائیل، چەکدارکردن و بەکرێگرتنی گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچەکەدا و سووربوون لەسەر پڕۆژەی ئەتۆمی و مووشەکی، چیتر بۆ کەس قبووڵکراو نییە. هەموو ئەم سیاسەت و چاوچنۆکی و ڕکابەری و چاندنی تۆوی دووبەرەکییە، کۆماری ئیسلامیی بردە پەراوێزی هەموو پرسەکان و لەوپەڕی لاوازیدا گیری کرد. شەڕ و پێکدادانەکان دەستی کۆماری ئیسلامییان بەتاڵ کرد و لەبەردەم دوو بژاردەدا کێشایان: یان تەسلیمبوون و ملکەچی، یان ڕووخان. هەڕەشەکان جدین و پەیامێکی ڕوونیان بۆ پاشماوەکانی دەسەڵاتی تاران هەیە، ئەویش تەسلیمبوونە. ملکەچنەبوونی ئێران کێشەکان ئاڵۆزتر و ئاڵوگۆڕەکان خێراتر دەکات.

...بۆ ل ٢

## ئێوە لەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی چەوساوانن ،
## هەتا شەو ڕەش و ڕەشتر بێ ، ئێوە هەر گەشو و گەشترن ...

بەداخێکی گرانەوە ڕایدەگەینین:

هاوڕێ غەزاڵ مەولان چەپەراباد، پێشمەرگەی کۆمەڵە، گیانی لەدەستدا.


هاوڕێ غەزاڵ کە ئەم ئێوارەیە بە هۆی هێرشی درۆنیی کۆماری تێرۆریستی ئیسلامیەوە بریندار ببوو دوای گەیشتنی بە نەخۆشخانە بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لە دەستدا و بە ریزی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە و کوردستان پەیوەست بوو.

هاوڕێ غەزاڵ خەڵکی شاری مەهاباد بوو کە وەک هەزاران کچی شۆڕشگێڕی کوردستان، ریزەکانی کۆمەڵەی بۆ تێکۆشان و خەبات دژی هەرچەشنە هەڵاواردنێک هەڵبژارد کە ئەمرۆ دڵی پڕ لە هیوای بە دەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لێدان کەوت. بەڵام بێگومان وره و ئیرادەی کچان و کوڕانی کوردستان بۆ رزگاری و سەربەستی بەردەوامە.

ئەم هێرشە تیرۆریستییە بەڵگەیەکی ترە لەسەر پیشەی دژەمرۆڤایەتی و دژەئازادیی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ رژیمێک کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی، هیچ سنوورێک بۆ کوشتن و سەرکوتکردنی خەڵکی تێکۆشەر ناناسێت.

لێرەوە سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی هاوڕێ غەزاڵ و سەرجەم هاوڕێیان و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان ئەکەین.

یادی بەرز و بەرێزە و ڕێگای بەردەوام.



کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان_ سکرتارییەتی کومیتەی ناوەندی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ی هەتاوی

...بۆ ل٦

## درێژەی سەروتار

لە لایەکی تریشەوە، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی ئیسلامیی و زۆرینەی خەڵکی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی بێگەڕانەوە. خەڵکی ئێران بوونەتە سووتەمەنیی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی. دەسەڵات نەک هەر مافی ژیانێکی ئاسایی لێ زەوت کردوون، بگرە بە زیندان، لەسێدارەدان و سەرکوتکردنی ئازادییە دیمۆکراتیکەکان وەڵامی خواستەکانیان دەداتەوە. ئەم دۆخە بە کردەوە کۆمەڵگەی ئێرانی لەبەردەم تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەزندا داناوە. مەیلی شۆڕش و بەرخۆدان کە خوازیاری گۆڕانکاریی بنەڕەتییە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و جۆشدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو ئاستەکاندا، شکڵی گرتووە و لە هەڵکشاندایە. ستراتیژیی ئەم مەیلە ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە نەک چاکسازی و سازان. ئەم ڕەوتە پشتئەستوورە بە مێژوویەکی پڕشنگدار لە خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز کە ئەزموونی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»یان لەپشتە. جەماوەری بەشدار لەم مەیلەدا خاوەنی وشیاریی سیاسییە و قۆڵی لێ هەڵماڵیوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر.

درێژەی لاپەڕی ١

## کۆماری ئیسلامی لە لێواری تەسلیمبوون یان ڕووخان؛ حیزبە کوردییەکان:ئاگری خەبات ناکووژێتەوە

دەستبەرداربوون لە یارمەتیدانی گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە و هەروەها کردنەوەی گەرووی هورمز.
هاوکات لە ڕۆژی دووشەممەوە دەیان کەشتی ئەمریکی لە گەرووی هورمز گەمارۆی ئێرانیانداوە و بەر بە هەر جووڵەی بازرگانی لە بەندرەکانی ئێرانەوە بۆ دەرەوە و هاوکات بەر بە هاتنی کاڵا و کەشتی بازرگانی بۆ ئێران دەگرن.
ئەگەرچی ئەگەری ئەنجامی گەڕێکی دیکەی دانوستان لە ڕۆژانی داهاتوو هەیە بەڵام بە گوێرەی شارەزایانی سیاسی واستەمە ئەمریکا لە داواکاری و هێڵە سوورەکانی پاشگەز بێتەوە و بەم جۆرە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەبەردەم تەسلیمبوون یا خود قەیرانێکی لەرادەبەدەری ئابووریدان و هەڵبژاردنی هەر کام لەم بژاردانە دەتوانێت ببێت بە هۆی ڕووخانی یەکجاری یان وردە وردەی دەسەڵاتی ٤٧ ساڵەی ئەم ڕژیمە نەگریسە.
لەو نێوانەشدا هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕاوانگەی خۆیان سەبارەت بە ئەم دانوستانانە خستووەتەڕوو.



لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەیاندا هاتووە: کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەی ٣٩ ڕۆژ لە نێو ئاگری شەڕێکی قورسدابوو؛ ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر زەبری هێرشە توند و ڕاستەوخۆوەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دابوو، سەرەنجام ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ لە ئاکامی تەسلیمبوونی ڕژیمی ئێران بە ئۆلتیماتۆمی سەرۆکی ئەمریکا (کە ئەگەر گەرووی هورمز نەکاتەوە ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بەردین)، ملی بە ئاگربەست دا».
هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان وێڕای پێشوازیان لە هەر هەنگاوێک بۆ کۆتایی هاتنی شەڕ دووپاتیدەکەنەوە کە:» ئاگربەست نابێت ببێتە دەرفەتێکی تاکتیکی بۆ ڕژیم تا وەک جارەکانی پێشوو بۆ خۆڕێکخستنەوە و نزیکبوونەوە لە چەکی ئەتۆمی کەڵکی لێ وەربگرێت. هەر ڕێککەوتنێک ئیرادەی گەلانی ئێرانی تێدا فەرامۆش بکرێت، تەنها ئاشتییەکی کاتی و مەترسیدار دەبێت»
سەبارەت بە ئاگربەست هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەن لەوانەش:
١. کۆتاییهێنانی یەکجاریی بە دەستوەردانی سەربازی، هەواڵگری، ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ڕژیم.
٢. هەڵوەشاندنەوەی بنەڕەتیی بەرنامە ئەتۆمی و موشەکییەکان.
٣. پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دانان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی ناو ئێران، بەتایبەت مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد.
لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشیاندا هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان جەختدەکەنەوە کە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بوون و بەردەوامیی و هێزی خۆی لە نەتەوەکەی و ویستی ئازادیی و سەروەریی وەردەگرێ و بەرهەمی شەڕ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان نییە؛ بۆیە نە ئاگربەست و نە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوامییەکەی ڕاناگرێ. هیچ جۆرە ئاگربەست و ڕێککەوتنێکی سیاسی نامانوەستێنێت لە هەوڵەکانمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەروەری.

## ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ئاگربەست

لە کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەی ٣٩ ڕۆژ لە نێو ئاگری شەڕێکی قورسدابوو؛ ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر زەبری هێرشە توند و ڕاستەوخۆوەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دابوو، سەرەنجام ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ لە ئاکامی تەسلیمبوونی ڕژیمی ئێران بە ئۆلتیماتۆمی سەرۆکی ئەمریکا (کە ئەگەر گەرووی هورمز نەکاتەوە ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بەردین)، ملی بە ئاگربەست دا.
هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، وێڕای چاودێریکردنی وردی بارودۆخەکە، ڕوانگەی خۆی لەم چەند تەوەرەدا دەخاتە ڕوو:
یەکەم: بەرپرسیارێتیی ڕژیم لە جەنگ و ماڵوێرانییەکان
بەرپابوونی شەڕ و تێکچوونی ئاسایشی ناوچەکە، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی سیاستە تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامییە. ئەم ڕژیمە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەنێو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتیوانیکردنی تیرۆریزم و پەرەپێدانی بەرنامەی موشەکی و درۆن، جیهانی بەرەو ناسەقامگیری بردووە. ئەم جەنگە بووەتە هۆی زیان گەیاندنی زۆر بە هاووڵاتیان و ئاوارەبوونی هەزاران خێزان.
دووەم:
پێشوازی لە هەر هەنگاوێک دەکرێت کە ببێتە هۆی ڕاگرتنی خوێنڕشتن و پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی سڤیل، بەڵام هۆشداری دەدرێت کە ئاگربەست نابێت ببێتە دەرفەتێکی تاکتیکی بۆ ڕژیم تا وەک جارەکانی پێشوو بۆ خۆڕێکخستنەوە و نزیکبوونەوە لە چەکی ئەتۆمی کەڵکی لێ وەربگرێت. هەر ڕێککەوتنێک ئیرادەی گەلانی ئێرانی تێدا فەرامۆش بکرێت، تەنها ئاشتییەکی کاتی و مەترسیدار دەبێت.
سێیەم:
ئاگربەست تەنها کاتێک مانای دەبێت کە ببێتە سەرەتایەک بۆ:
١. کۆتاییهێنانی یەکجاریی بە دەستوەردانی سەربازی، هەواڵگری، ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ڕژیم.
٢. هەڵوەشاندنەوەی بنەڕەتیی بەرنامە ئەتۆمی و موشەکییەکان.




٣. پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دانان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی ناو ئێران، بەتایبەت مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد.
چوارەم:
ئەزموونی ٤٧ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی داوە کە ئەم ڕژیمە چاکسازی تێدا ناکرێت و تەنها بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی و دیموکراسی ئارامی بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە. بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بوون و بەردەوامیی و هێزی خۆی لە نەتەوەکەی و ویستی ئازادیی و سەروەریی وەردەگرێ و بەرهەمی شەڕ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان نییە؛ بۆیە نە ئاگربەست و نە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوامییەکەی ڕاناگرێ. هیچ جۆرە ئاگربەست و ڕێککەوتنێکی سیاسی نامانوەستێنێت لە هەوڵەکانمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەروەری.
سەرکەوێت خەباتی ڕەوای گەلی کورد

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦ی کوردی (١٤٠٥ی هەتاوی)**
**(٢٠٢٦/٠٤/١٠)**

# پشتیوانی لە هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستان لە بارودۆخی ئێستادا



رەزا ئەخگەر




لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگ لەنێوان کۆماری ئیسلامی لەلایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەکی تر، فەزای سیاسیی کوردستان چووەتە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسساز. ڕەوتی دروستبوونی ئەم هاوپەیمانییە تەنیا وەڵامێک بۆ بارودۆخی جەنگ نەبووە؛ نزیکەی ساڵێک پێش دەستپێکردنی ئەم جەنگە، گفتوگۆ و ڕاوێژ لە چوارچێوەی «ناوەندی دیالۆگ» لەنێوان ئەم حیزبانەدا بەردەوام بوو. ئەم ڕەوتە وەک چالاکییەکی سیاسیی ئاشکرا، نەک هەر ڕووبەڕووی ڕەخنە و دژایەتییەکی دیاریکراو نەبووەوە، بەڵکو وەک ڕەوتێکی ئاسایی لەلایەن ڕای گشتییەوە پێشوازی لێ کرا و لە کرداردا بوو بە بەشێکی گرنگ لە ئەجێندای سیاسیی کوردستان. لەم ڕوانگەیەوە، ڕاگەیاندنی ئەم هاوپەیمانییە نابێت وەک بەرهەمێکی کاتیی قەیرانی جەنگ ببینرێت، بەڵکو بەردەوامیی ڕێگایەکی پێشوو و وەڵامدانەوەیە بۆ پێویستییەک کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە تەدریج لەنێوان کۆمەڵگە و حیزبەکانی کوردستان دروست بووە و ئێستا گەیشتووەتە قۆناغی جێبەجێکردن.

لە بارودۆخێکی ئاوەها توندا، بەردەوامبوونی دابڕان و پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکان لاوازییەکی کۆنە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قورسایی سیاسیی کورد لە هاوکێشە ناوچەیی و سەراسەرییەکاندا. لەم سۆنگەیەوە، هاوپەیمانی نەک هەڵبژاردەیەکی فانتاسی، بەڵکو ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ مانەوە و کاریگەری. بەبێ ئەم کارەکتەرە یەکگرتووە، هەر هێزێک تەنانەت ئەگەر بنکەیەکی جەماوەریی بەهێزیشی هەبێت، لە کرداردا دەبێتە ئەکتەرێکی لاوەکی و پەراوێزخراو.

لەسەر ئەم بنەمایە، بیرۆکەی دروستکردنی چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ هەماهەنگیکردنی چالاکییەکان لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئاسایش، بەڕێوەبردنی پێویستییە گشتییەکان و دیپلۆماسی، زیاتر لە هەر کاتێک گرنگیی پەیدا کردووە. لێرەدا مەسەلەکە تەنیا پێکەوەبوون نییە، بەڵکو توانای گۆڕانە بۆ هێزێکی متمانەپێکراو و لایەنێکی حیساببۆکراو لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ئێستادا.

**لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگ لەنێوان کۆماری ئیسلامی لەلایەك و ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەکی تر، فەزای سیاسیی کوردستان چووەتە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسساز. ڕەوتی دروستبوونی ئەم هاوپەیمانییە تەنیا وەڵامێك بۆ بارودۆخی جەنگ نەبووە؛ نزیکەی ساڵێك پێش دەستپێکردنی ئەم جەنگە، گفتوگۆ و ڕاوێژ لە چوارچێوەی «ناوەندی دیالۆگ» لەنێوان ئەم حیزبانەدا بەردەوام بوو. ئەم ڕەوتە وەك چالاکییەکی سیاسیی ئاشکرا، نەك هەر ڕووبەڕووی ڕەخنە و دژایەتییەکی دیاریکراو نەبووەوە، بەڵکو وەك ڕەوتێکی ئاسایی لەلایەن ڕای گشتییەوە پێشوازی لێ کرا و لە کرداردا بوو بە بەشێکی گرنگ لە ئەجێندای سیاسیی کوردستان. لەم ڕوانگەیەوە، ڕاگەیاندنی ئەم هاوپەیمانییە نابێت وەك بەرهەمێکی کاتیی قەیرانی جەنگ ببینرێت، بەڵکو بەردەوامیی ڕێگایەکی پێشوو و وەڵامدانەوەیە بۆ پێویستییەك کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە تەدریج لەنێوان کۆمەڵگە و حیزبەکانی کوردستان دروست بووە و ئێستا گەیشتووەتە قۆناغی جێبەجێکردن.**

لەگەڵ ئەوەشدا، کاردانەوەکان بەرامبەر بەم ڕەوتە زیاتر لەوەی شیکارییانە بن، زۆرجار شۆڤێنیستی و پڕوپاگەندەیی بوون. بەشێک لە هێزە نزیکەکان لە محوەری ناسراو بە «مقاومەت»، ڕەوتە سەڵتەنەتخوازەکان و تەنانەت هەندێک ئاراستەی چەپ، بەبێ پێشکەشکردنی شیکارییەکی ورد، ئەم هاوپەیمانییەیان خستە چوارچێوەی وابەستەیی یان بوون بە داردەستی هێزە دەرەکییەکان. هەر لەم چوارچێوەیەدا، ڕەزا پەهلەویش بە دەرکردنی ڕاگەیاندنێک ئەم ڕەوتەی بە «دابڕانخوازی» ناو برد و هۆشداریی دا؛ تا ئەو ئاستەی باس لە پێویستیی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردستان بە پشتبەستن بە «سوپا» دەکرێت. سوپایەک کە ئێستا لە خزمەت ئامێری سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و مووشەکبارانی کوردستاندایە. ئەم جۆرە هەڵوێستانە ڕەخنەی سیاسی نین، بەڵکو هەوڵێکن بۆ بێبایەخکردنی هەر جۆرە چالاکییەکی سەربەخۆ، چونکە تێیدا هەر هێزێک لە دەرەوەی چوارچێوە دیاریکراوەکانی ئەوان بجوڵێت، بە هێزێکی نایاسایی لەقەڵەم دەدرێت.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە بارودۆخی جەنگ و نائارامییەکاندا، هەر هێزێکی سیاسی ناچارە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەکتەرە جیاوازەکاندا پێناسە بکات. جیاوازیی سەرەکیی نێوان «هاوکاری» و «پاشکۆیەتی» لێرەدایە: هاوپەیمانییەک کە لەسەر بنەمای بڕیاری سەربەخۆ و بەرژەوەندییەکی ڕوون دروست بێت، بە مانای وابەستەیی نایەت، هەروەک چۆن کەمکاری و گۆشەگیریش نیشانەی سەربەخۆیی نین.

لە نێوان ئەمانەدا، چۆنیەتیی پەیوەندیی ئەم هاوپەیمانییە لەگەڵ حیزبە سەراسەرییەکان گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە. ئەزموونەکانی ڕابردوو نیشانیان داوە کە هاوپەیمانییە ناتەرییەکان زۆرجار بوونەتە هۆی پەراوێزخستنی داواکارییەکانی کورد. بۆیە، هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئەم هێزانە تەنیا ئەو کاتە مانادار دەبێت کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی، ڕوونی و پاراستنی سەربەخۆیی بڕیار بێت، ئەگەر نا، ئەم هاوپەیمانییە نەک پێگەی گەلی کورد بەهێز ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی هەمان بازنە شکستخواردووەکانی پێشوو.


ئەزموونە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە هاوپەیمانییە سیاسییەکان لە قۆناغی گواستنەوەدا نە نایاسایین و نە لادان. بۆ نموونە، «کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا» (ANC) لە کاتی خەبات دژ بە ڕژێمی ئاپارتاید، سەرەڕای جیاوازییە ناوخۆییەکان، توانی ×یفێکی جۆراوجۆر لە دەوری یەک کۆبکاتەوە و ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر. ئەم ئەزموونە نیشان دەدات کە دروستبوونی هاوپەیمانی مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن لە قۆناغی گواستنەوەی سیاسیدا.

بەم پێیە، پشتیوانی لە دروستبوونی ئەم هاوپەیمانییە، پاراستنی توانای چالاکیی سیاسیی سەربەخۆیە لە کوردستان؛ توانایەک کە بەبێ ئەو نە دەتوانرێت لە مافە نەتەوەییەکان پارێزگاری بکرێت و نە دەتوانرێت قسە لە بوونی کاریگەر لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا بکرێت. هاوپەیمانی لە قۆناغی گواستنەوەدا «مانەوەیە»، نەک وابەستەیی.

لە هەمان کاتدا، ئەم پشتیوانییە بە مانای پشتگوێخستنی کەم و کوڕییەکان نییە، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی ڕەخنەی ناوخۆیی، ڕوونی لە ئامانجەکان و وەڵامدەرەوەیی بەرامبەر کۆمەڵگە، ئەم هاوپەیمانییە لە پێویستییەکی کاتییەوە دەگۆڕێت بۆ هێزێکی سیاسیی بەردەوام.

# ڕوو لە هەڵکشانی سەرکوت و لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی لەژێر سێبەری شەڕ و تۆڵەدا...!

**دواڕۆژ**



دواڕۆژ

کۆماری ئیسلامیی لەم ماوەیەدا هاوکات لەگەڵ شەڕی دوو وڵاتی دەرەکی و نائەمنکردنی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەرەیەکی دیکەشدا خەریکی شەڕ بوو لەگەڵ خەڵکی بێتاوانی ئێران و کوردستان. شەڕی دووەم لەگەڵ خەڵک، نەک بە بۆمب و مووشەک و درۆن، بگرە بەو پەتی سێدارەیە بوو کە لە سیاچاڵەکانی ئەم ڕژێمەدا بۆ گیانی بێتاوانانی ئەم خاکە هەڵخرابوو. ئەگەرچی ئەم پەتە مێژوویەکی ٤٧ ساڵەی هەیە، بەڵام زۆر جار سنوورەکانی مرۆڤایەتی دەبەزێنێت و دەبێتە کەرەستەیەک لەدەستی خوێنڕێژانی کۆماری ئیسلامیی بۆ کوشتنی بێپشتیوانترین مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە. لە کاتێکدا شەڕ لە گەرمەی خوێندا بوو و لە ئاسمانەوە بۆمب و مووشەک بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا دەباری، جەلادانی بەندیخانە قۆڵیان بۆ تۆڵە هەڵمالیبوو و زۆر بێبەزەییانە کەوتبوونە گیانی ڕۆڵەکانی خەڵک لە سیاچاڵەکاندا. لە ماوەی یەک مانگی شەڕدا، شەپۆلێکی نوێی دەستگیرکردنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی بە بیانووی درۆ و بێبنەما، هەموو کۆمەڵگەی ئێرانی داگرت. زەخت و گوشارەکان لە سیاچاڵەکاندا ڕوویان لە زیادبوون کرد و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ چڕتر بوونەوە.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و نیزامە دژەمرۆڤییەکەی، بەردەوام نەیارانی سیاسیی خۆی دەستبەسەر و ئەشکەنجە و لەسێدارە داوە. ئەمڕۆ بۆ کاربەدەستانی ڕژێم، زیندان و بەندیخانەکان ئامرازێکن بۆ کۆنترۆڵکردنی نەیارەکانیان. زیندانیانی سیاسی لە ئێران زۆرجار نوێنەر یان ڕەنگدانەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکانن و دەنگی شەقام و ڕاپەڕینەکان دەگوازنەوە؛ هەر بۆیە زەخت و گوشار دەهێننە سەر دەسەڵات بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی. هەڵخستنی پەتی سێدارە یان توندکردنەوەی گوشار بۆ سەر زیندانیانی سیاسی، بەشێکە لە هەوڵدان بۆ دامرکاندنی هەموو ئەو بزووتنەوانەی کە لە دژی دەسەڵات هاتوونەتە مەیدان. ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بە کردەوە سەلماندوویەتی کە بەبێ زیندان و لەسێدارەدان، بەتایبەتی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی، ناتوانێت یەک ڕۆژ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. هەر لە یەکەم ڕۆژی بەدەسەڵاتگەیشتنییەوە، بەندیخانەکانی پڕ کرد لە نەیارانی سیاسی و پەتی سێدارەی بۆ هەڵخستن.

خەڵکی کوردستان و سەرجەم نەتەوە جۆراوجۆرە نەیارەکانی ڕژێم، بەتایبەتی چالاکانی مافی ژنان، چالاکانی مافی مرۆڤ و پارێزەرە شەریف و ئازادیخوازەکان، زۆرترینی قوربانیانی ئەم سیاسەتەی ڕژێمن لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا. لەم ماوەیەدا مافخوازان، نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، مۆسیقاژەنەکان و سینەماکاران بوونەتە ئامانجی سەرکوت و گوشارەکانی ڕژێم. چالاکانی ژینگەپارێز و سەرجەم چالاکانی کۆمەڵایەتی، بە بیانووی بێبنەما و گاڵتەجاڕانە زیندانی کران و لەسێدارە دران. ئەمڕۆ بەزەحمەت بنەماڵەیەک لە ئێراندا هەیە کە ئەندامێکی یان چەند ئەندامیان بە هۆکاری سیاسی زیندانی نەکرابن، لەسێدارە نەدرابن، یان ناچار بە کۆچ نەکرابن. شەپۆلی دەستبەسەرکردن و کوشتنی بەندکراوان لە زیندان و گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیی و هەروەها ڕادەستنەکردنی تەرمەکانیان و ناشتنی بەنهێنییان لە شوێنی نەزانراو، بابەتێکی تازە نییە.

> **ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و نیزامە دژەمرۆڤییەکەی، بەردەوام نەیارانی سیاسیی خۆی دەستبەسەر و ئەشکەنجە و لەسێدارە داوە. ئەمڕۆ بۆ کاربەدەستانی ڕژێم، زیندان و بەندیخانەکان ئامرازێکن بۆ کۆنترۆڵکردنی نەیارەکانیان. زیندانیانی سیاسی لە ئێران زۆرجار نوێنەر یان ڕەنگدانەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکانن و دەنگی شەقام و ڕاپەڕینەکان دەگوازنەوە؛ هەر بۆیە زەخت و گوشار دەهێننە سەر دەسەڵات بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی. هەڵخستنی پەتی سێدارە یان توندکردنەوەی گوشار بۆ سەر زیندانیانی سیاسی، بەشێکە لە هەوڵدان بۆ دامرکاندنی هەموو ئەو بزووتنەوانەی کە لە دژی دەسەڵات هاتوونەتە مەیدان.**

ڕەشبگیریی بەرفراوان و لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسی، بەشێکە لە ستراتیژیی سەرکوتی دەوڵەتی ئێران بۆ زەمانەتکردنی مانەوەی ڕژێمەکەی. دەستبەسەرکردنی بەربڵاوی چالاکانی سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە، بەدەر لە ماهییەتە سەرکوتگەرانەکەی، نیشانەی ئەوەیە کە هێزە ئەمنییەکان لە چالاکیی کۆمەڵایەتی، خۆڕێکخستنی هاووڵاتییان، لاوان و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان یەکجار دەترسن. ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لە ڕابردووشدا، بەتایبەت لەو قۆناغانەی کە سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا بەرەوڕووی شکست و بنبەست بووەتەوە، دەستی کردووە بە پەرەپێدانی زەبروزەنگ و بە هۆکاری بێبنەما هاووڵاتییانی دەستبەسەر کردووە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ماشێنی سەرکوتی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران کارایی ڕابردووی خۆی لەدەست داوە؛ لەڕێگەی سەرکوت، دەستبەسەرکردن، زیندانیکردن و سێدارە، ناتوانێت پاشەکشە بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بکات. ڕژێمی ئیسلامیی پاش ٤٧ ساڵ دەسەڵاتی جەنایەتکاری، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەستبەسەرکردنی ئامانجدار و بە داسەپاندنی گوشار بەسەر چالاکانی پێشڕەو و بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا، سەرەتاییترین مافەکانیان لێ زەوت بکات.

ڕژێمی ئیسلامیی ئێران دەبێ بزانێت کە چالاکانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک، سەردەمی ترس و خۆف لە ڕژێمیان وەپشت سەر ناوە. بێگومان تەنیا فاکتۆرێک کە دەتوانێت ماشێنی سەرکوتی ڕژێم لەکار بخات، خۆڕاگریی گشتیی کۆمەڵگەیە بەرامبەر هەر جۆرە گوشارێک دژ بە چالاکانی سیاسی. لەم ڕووەوە خەبات لە پێناو ئازادیی زیندانیانی سیاسی و بەرگریکردن لە بنەماڵەکانیان، هەنگاوێکی گرنگ و جدییە لە خزمەت بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی و بنیاتنانی سیستەمێک کە تێیدا هیچ ئاسەوارێکی سێدارە و زیندانی سیاسی بوونی نەبێت.

نابێت هیچ کەس بە تاوانی خەبات لەپێناو مافەکانی، بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە نەهامەتیی ئابووری، یان بە تاوانی هەبوونی بیروباوەڕی جیاواز، دەستگیر و زیندانی بکرێت. ئەگەر بڕیار بێت کەسێک لە گۆشەی زیندانەکاندا بێت، ئەوە تاوانبارانی ئەم دۆخەی ئێستان کە دەبێ بکەونە زیندان؛ واتە ئەو کەسانەی منداڵانی خەڵک دەبەنە زیندان و ئەشکەنجەیان دەدەن، ئەوانەی جگەرگۆشەکانی خەڵک دەکوژن و لە گۆڕە بێناونیشانەکاندا بە خاکیان دەسپێرن، واتە ئەو کەسانەی کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگە تاڵان دەکەن و ئەم هەموو ڕەنج و بێبەشی و نادادپەروەرییەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، یەکگرتوویی کرداری و هاوکاریی بەربڵاو لە دەوری دروشمی داکۆکیکردن لە ئازادیی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە، کارێکی کردەیی و کاریگەر دەبێت. دەبێ دەستی کۆماری ئیسلامیی لەسەر گیانی ئازیزانی بەندکراو کورت بکرێتەوە. پێش ئەوەی درەنگ بێت، پێویستە بە خەباتی یەکگرتووانە و نارەزایەتیی بەربڵاوی جەماوەری، ڕژێم ناچار بە کۆتاییهێنان بەو کردەوە جەنایەتکارانە و نامرۆڤانەییە بکرێت.

# چەپی کوردستانی، سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی.!

١٤ی ئاپریلی ٢٠٢٦ی زایینی



پەرویز ڕەحیمزادە

**بەشی دووهەم**

**بەستێنەکانی گەشەی چەپ لە کوردستان**

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ژێر ناوی "ڕێفۆرمی زەوی و زار" لە ئێران دەستیان پێکرد، ئاڵووگۆڕێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان پێکهێنا. شارەکان گەورە بوونەوە و شەپۆلێکی بەرینی خەڵکی لادێکان کە تا ئەوکات لە کۆمەڵێکی سادە و ساکار و خۆبژێودا دەژیان، بەرە و شارە گەورەکان هاتن و بەشداریان کرد لە پرۆسەی گەشەی پیشەسازی ئابووریی، واتە لەدایکبوونی چینێکی بەرینی کرێکاران کە ئەمجارەیان خۆی لە شوێنە پیشەییەکان و پرۆسەی بەرهەمهێنان دەبینیەوە و هەر ئەمەش لە خۆیدا وشیاریی ئەم چینەی تا دەهات دەبردە سەرەوە و ڕێکخراوتری دەکردن. دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لەم پرۆژەدا لە درێژەی بەردەوامبوونی داگیرکاریی، هاوکات چاویان بڕیبووە جوگرافیای کوردستان بە هەموو سەرچاوەی مرۆیی و ئابووریی و کانزایەکانیەوە، بۆیە ڕەوتی پیشەسازی لە کوردستان نەک بە مەبەستی گەشانەوەی ئابوریی بەڵکوو بە مەبەستی بەتاڵانبردن لە پێناو دەستڕاگەیشتن بە بەهرە و قازانج، زۆر بە هێوری دەچووە پێشەوە بۆیە بە گشتی لە قۆناغی یەکەمدا توێژێکی زۆرتری هێزی مرۆیی خەڵکی کوردستانی بەرەو شارە گەورەکان ڕاکێشا بە پێچەوانەش دزی و تاڵان لە کوردستان بەردەوام بوو. لە لایەکی دیکەوە خوێندن کە تا ئەوکات مافی کۆمەڵێک خەڵکی دەستڕۆیشتووی بنەماڵەی دەوڵەمەندی ئەو سەردەم بوو، ئەمجارەیان توێژێکی بەرینتری گرتەوەو دەرگای خوێندنگەو زانکۆکان بەڕووی گەنجاندا کرایەوەو ئەوانیش مەجالی ئەوەیان بەدەستهێنا کە لە زانکۆکانی ئێراندا بخوێنن و بەمشێوە خۆیان تێکەڵ بە کۆڕو کۆبوونەوەی خوێندکاران کرد. ئەگەرچی جیهانی ئەو سەردەم دوو جەمسەری بەهێزی هەبوو کە هەرکامەیان لە هەوڵی ئەوەدان بوون کە لە وڵاتانێکی زیاتر هێژمۆنی خۆیان زاڵ بکەن، بەڵام لە ناخی کۆمەڵگاکانیش گۆڕانکاریە ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەستێنی گەشەی بۆ تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان لەوانە چەپ ڕەخساندبوو. بۆیە چەپی ئێرانی لە لایەک لە ژێر کاریگەریی جەمسەربەندی جیهانیی و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی گۆڕانکاریەکانی ناوخۆی ئێران سەریهەڵداو توانی هەم لە نێو کرێکاراندا تا ڕادەیەکی بەرچاو جێگەی خۆی بکاتەوەو هاوکاتیش لە ئاستی ڕووناکبیران و خوێندەواراندا پێگەی بەرچاو بەدەست بهێنێت. ئەگەرچی هەرکام لەوانە ڕێچکەو ڕێبازی جۆراوجۆریان دەگرتە پێش " لە تەنیا بڕوامەند بوون بە کاری سیاسی جەماوەریی تا شەڕی چەکدارانە" بەڵام توانیان کارتێکەریان لەسەر ڕەوتی چەپ لە کوردستانیش هەبێت، بەڵام بەو جیاوازیەی کە چەپ لە کوردستان کە کۆمەڵە پێشەنگایەتی دەکرد توانی بە خوێندنەوەیەکی جیاواز لە پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، ڕێچکەی خۆی لە نێو ئەو ئاڵۆزیە ئایدۆلۆژیانە بدۆزێتەوەو بە خێرایی ببێتە ڕەوتێکی بەرینی کۆمەڵایەتی. واتە کۆمەڵە تەنیا پابەندی یەک بۆچوون و کارکرد نەبوو کە یان تەنیا کاری سیاسی، یان ڕەوتێکی چەکدارانەی دوور لە جەماوەر یان بوون بە ڕێکخراوێکی کرێکاریی و سیفی. بەڵکوو چەپ و سۆسیالیست بوون بۆ کۆمەڵە ڕێبازێک بوو کە لەو ڕێگەوە بە شێوەیەکی دینامیک خۆی لەگەڵ هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕێک دەخست و بە پێی توانای تێگەیشتنی خۆی هەم لە ئەزموونەکانی ئەوان کەڵکی وەردەگرت بۆ هەرچی زیاتر خۆ تەیار کردن و هاوکات ڕۆڵی ڕێبەرایەتیشی لە ئاراستەکردنیان دەگێڕا. چەپ بوون بۆ کۆمەڵە بە مانای تەنیا یەک ڕوانین بۆ چینێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی "کرێکاران" نەبوو، بەو جۆرەی کە لە ئێستادا لە ڕێبازی چەپی کلاسیک دەبینرێت، واتە تەنیا پشت بەستن بە چینی کرێکار بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی. بەڵکوو چەپ بوون بۆ کۆمەڵەی سەرەتای ئەو چەند ساڵەی لە ناو جەماوەری خەڵکی کوردستان بە ئازادیی هەڵسووڕانی دەکرد بە مانای پشتگیری و بە هاناچوونی مانگرتنی تووتنەوانانی بانە، پێکهێنان و گەشەدان بە ڕێکخراوە جەماوەریەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، کرێکاران و کرێکارانی بێکار، بەرگری لە مافی جووتیاران لە دژی دەرەبەگ و □ هتد، وە گرینگتریش وەستانەوەی بوێرانەو بێ دوودڵی لە سەنگەری کوردستان بۆ بەرگری لە دەسکەوتەکانی جەماوەر بوو. کۆمەڵە لە بەرنامەو پرۆگرامەکانی خۆیدا هەر شتێکی پەسەند کردبێت، بەڵام ئەزموونە کردەییە سەرەتاییەکانی ئەو ڕەوتە پێمان دەڵێ کە ئەم حیزبە چەپ و کوردستانیی بووە بەڵام دواتر لە ڕەوتی ئەو گۆڕانکاریانەی هاتنە پێشەوە، هێدی هێدی بە تایبەت بە دوای پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تەوژمێکی ئیدۆلۆژیک کە هاوکات پێناسەیەکی ئێرانیبوونی لەگەڵدا بوو، واتە هێژمۆنی نەتەوەی باڵادەست باڵی بەسەر ئەم ڕەوتەدا کێشا کە لە بەردەوامبوونی خۆیدا وزەو پۆتانسیەلی ئەم هێزەی لە نێوان کەوانەی ئایدۆلۆژی تواندەوەو بە فیڕۆیدا، بە جۆرێکە هێزێکی گەورەی مرۆیی کە دەیتوانی لە کوردستان ببێتە هەوێنی خەباتێکی بەرینی یەکگرتووانەو پێکهێنەری گوتارێکی گشتگیر، خستە خزمەتی ڕێکخستنی بیرۆکەی نەتەوەی باڵادەست بە مەبەستی شۆڕشی کرێکاریی. بە تایبەتی لە کاتێکدا کە زۆربەی ڕەوتە چەپە ئێرانیەکان تووشی لاوازیی هاتبوون و لە بواری سیاسیەوە کەوتنە نێو قەیران، کۆمەڵە لە کوردستان لە ئەوپەڕی گەشەو گوڵی سەرتۆپی ڕەوتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بوو. بە پێچەوانەکەشی کاتێک پاش ساڵانێک دەرفەتێک بۆ پێداچوونەوە لە بواری ئایدۆلۆژی خولقا "جیابوونەوەی ٢٠٠٠" لە ژێر ناوی پرۆژەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ئەم ڕەوتە نەک نەیتوانی خۆی و ە کچەپێکی نوێی سەردەمله کوردستان پێناسە بکات بەڵکوو سەری لە بەرەی ڕاستی ئێرانی دەرهێنا، کە لە بواری جیهانبینی هەم دژی بنەماکانی چەپ وەستاوەتەوە و لە پرسی نەتەوەییشدا، هەوڵدانێکی بە پلانە بۆ کردنی ئەم نەتەوە بە پاشکۆی ئێرانیەکان وەک ئێتنیک و شارۆمەند و ناوهێنانی کوردستانیش بە ناوچە کوردنشینەکان.

چەپی کوردستانی واتای چیە؟ کوردستانیش وەک هەر ناوچەیەکی دیکەی سەر ئەم گۆی زەویە لە ماوەی دەرکەوتنی خۆی لە پرۆسەی مێژوو، بەشێک بووە لەو شوێنانەی کە فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری و کلتوور کاریگەریی لەسەر داناوە. هاوکات بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کاردانەوەی بەرانبەر ئەو ئاڵوگۆڕانە هەبووە. بۆیە دەستەواژەی چەپیش کە یەک لەو ئەندێشانە بووە کە لە فەڕانسە بە تایبەتی لە دوای گەشەی سەردەمی پێشەسازی هاتە ئاراوەو بەو بەرە دەوترا کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کۆمەڵگا ودژی دەسەڵاتی سوننەتی کۆن و دواکەوتووانە بوون و لە بەرانبەردا بڕوایان بە یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە بواری ئابووریی و پێشکەوتنخوازیی بوو، پریشکەکانی ئەو ئەندێشە دواترەکان کوردستانیشی گرتەوە. بێگومان هەڵگرتنی ئەم دەستەواژە وێنای مانایەکی زۆر جیاوازترە لەوەی پێشتر لە زمانی دەربڕیندا بووەو بەکار هێنراوە، بەو پێیەی لە ڕەوتی خەباتی سیاسی لە کوردستان کە کۆمەڵە وێنەی بەرچاوی ئەو ئەزموونەیە، تا ئەم کات و ساتەشی لەگەڵدا بێت وەک هێزێکی "چەپ لە کوردستان" هەڵسووڕانی بووەو بەرنامەو ئیستراتژیەکەی هەر لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندووە، بەم پێیە ئەو هێزێکی چەپە لە کوردستان و خەبات بۆ ئەوە دەکات کە چینی کرێکار کە ئەڵبەتە ئەمڕۆکە مانایەکی بەربڵاوتری پەیدا کردووە ئامادە بکات بۆ بەشداریی لە شۆڕشێک کە ستەم و نابەرابەریەکان لە نێو ببات و مزگێنی جیهان و ژیانێکی باشتر بۆ مرۆڤەکان دەدات، بەڵام ئەو جیهانە لە زەینی ئەودا واتە ئێران وەک چوارچێوەیەکی جوگرافیایی دیاریکراوی مێژوویی. بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین تا ڕادەیەک چ لە باری مێژوویی و سیاسی چ لە باری کاریگەریی بەکارهێنانی دەستەواژەکان کە بێگومان بەرئەنجامی تێڕوانین و ئەندێشەی تاکەکەس یا ڕێکخراوەییە بۆ ئەم پرسە، هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەک بکەین و هاوکات لە ڕوانگەی خۆمانەوە نیشانی بدەن کە بۆچی لێرەداو لەم مێژووە لانیکەم بۆ کوردێک کە بیرو ئەندێشەی چەپی کردوەتە بنەمای خەباتی سیاسی خۆی، هەڵەیەکی ئیستراتژیک یان ڕەنگە هەڵە تێگەیشتنێک ڕوویداوە کە چاوەڕێ دەکرێ نەوەکانی ئێستاو داهاتوو بتوانن لە بەر تیشکی ئەو گۆڕانکاریانەی دێنە پێشەوە، هەوڵبدەن ئەو هەڵە مێژووییە ڕاست بکەنەوەو بە خوێندنەوەیەکی وردبینانە، بیرو ئەندێشەی چەپ بخەنە خزمەت قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی گەیشتن بە سەروەریی سیاسی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی. چەپی کوردستانی بە پێی باری مێژوویی و کلتووریی جەماوەریی، بڕوامەندە بە ڕەخساندنی بەستێنەکانی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی لە هەموو بوارەکانی ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و□هتد، لە هەمانکاتدا ئەم پرۆژە لە کوردستانێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێرانیی وێنا دەکات کە تێیدا جەماوەری خەڵک لە کەشێکی ئازادانەو دوور لە گوشارو سانسۆڕو هەڵاواردن بە شێوەیەکی دێمۆکراتیک بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن بۆ پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆ. وە چەپی کوردستانی لەم جێگەدا بێ دوودڵی بە جەماوەری خەڵکی کوردستان دەڵێت کە ئەمە مافێکی سرووشتی و مێژوویی خۆتانە کە دەبێ بە سەربەخۆیی بگەن و ئێمەش ئەوە بە ڕێبازێکی درووست و ئیستراتژیەکی سەرەکی دەزانین بۆ داهاتووی هەموو خەڵکی کوردستان. لە ڕوانگەی چەپی کوردستانی ڕزگاریی لە دەست ستەم و چەوسانەوەو نایەکسانی دوو هەنگاوی هەیە کە هاوشان لەگەڵ یەکتر هەنگاو دەنێن و هەردوو بابەتەکە بە تەواوی لەیەک گرێدراون، واتە بابەتی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و بەرابەر و سەرپێخستنی کوردستانێکی سەربەخۆ. ئەم دوو بابەتە ئەگەر لەیەک جیا بکرێنەوە ئەو ئامانجانەی جەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستان بنکوڵ دەکات، واتە ئێمە ناتوانین وڵاتێکی سەربەخۆ بونیات بنێین بەڵام لەم وڵاتەدا پرسی، ئازادیەکان، یەکسانی نێوان ژن و پیاو و بابەتی بە فەرمی ناسینی جیاوازی جێندەرەکان، دێمۆکراسی، پرسی ژینگەو عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پشتگوێ بخەین و ڕێگە بدەین یاساو ڕێسای ستەمکارانەو نابەرابەر حوکمی وڵاتێک بکات و هەموو داواکاریەک لە ژێر چەتری نەتەوە بتوێنێتەوە و ئاکامەکەشی ببێتە نەتەوەیەکی دەمارگرژی دواکەوتوو. بۆیە ئەوەی ڕوانگەی چەپی کوردستانی لەوانی دی جیا دەکاتەوە، دوو پرسی گرینگە بۆ تاکی کورد کە لە لایەک دەبێ ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی و لە لایەکی دیکەشەوە ئەم دەوڵەتە دەبێ سیمایەکی دێمۆکراتیک و مرۆڤدۆستانە لە هەموو بەستێنەکانی بەشداریی کۆمەڵایەتی لە خۆی نیشان بدات و بڕوات بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی سەردەمیانە کە خۆی لەگەڵ پێوەرە ئینسانیەکانی جیهانی پێشکەوتوو هاوتەریب دەکات.

**درێژەی هەیە**

# قووڵایی ستراتیژی بۆ بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## چوارچێوەیەکی شیکاری بۆ قۆناغی گواستنەوە و دوای کۆماری ئیسلامی



چیمەن جەوانروودی

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بووەتە هێزێکی سەرەکی لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە تایبەتی لە خێزانی «ژن، ژیان، ئازادی»دا. بەڵام، بەردەوامبوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا دەیسەلمێنێت کە خەباتی مەیدانی و خۆپیشاندان، بە تەنیا بۆ گەیشتن بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەس نین. ئەم وتارە بە بەکارهێنانی چوارچێوەیەکی تیۆریی فرەڕەهەند، چەمکی «قووڵایی ستراتیژی» وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی ژنان شیکار دەکات؛ هەروەها گرنگیی قۆناغی گواستنەوەی سیاسی و مەترسییەکانی دووبارە بەرهەمهاتنەوەی دەسەڵاتی پیاوسالار دەخاتە ڕوو.

١. پێشەکی

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، ژنان هەمیشە ڕۆڵێکی کارایان لە خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە. بەڵام پرسی ژن هەمیشە ڕووبەڕووی پشکێکی کەم و پاشەکشەی چەندبارە بووەتەوە و بەردەوامییەکی دژواری تێپەڕاندووە، ئێستاش مەترسیی دووبارەبوونەوەی ئەو دژوارییە لە ئارادایە. پێشکەوتنی ژنان لە کاتی شۆڕشەکاندا هەبووە، بەڵام لە قۆناغی دامەزراندنی دەسەڵاتدا، پەراوێزخران و حاشاکردن لە مافەکانیان بینراوە. ئەم دیاردەیە نەک هەر بە سەرکوتی سیاسی ڕوون ناکرێتەوە، بگرە پێویستی بە شیکارییەکی قووڵتر لە بنەماکانی بزووتنەوەکە هەیە.

٢. چوارچێوەی تیۆری

ئەم توێژینەوەیە پشت بە سێ تیۆری سەرەکی دەبەستێت:

٢-١. تیۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان: جەخت لەسەر ڕێکخستنی سەرچاوەکان و دامەزراندنی پێکهاتەکان دەکاتەوە.

٢-٢. فێمینیسمی پێکهاتەیی (Structural): شیکاریی پیاوسالاری وەک سیستەمێکی دامەزراو دەکات.

٢-٣. تیۆری گواستنەوەی سیاسی: شیکاریی قۆناغی نێوان ڕووخانی سیستەم و دامەزراندنی سیستەمی نوێ دەکات.

لێرەدا «قووڵایی ستراتیژی» وەک چەمکێکی گرێدەر لەنێوان بزووتنەوە و دەسەڵاتدا بەکاردێت.

٣. قووڵایی ستراتیژی: پێناسە و تایبەتمەندی

قووڵایی ستراتیژی بریتییە لە توانای بزووتنەوە بۆ بەردەوامبوون لە کاتی فشار، دووبارە خۆڕێکخستنەوە و گۆڕینی خەبات بۆ پێکهاتەیەکی جێگیر. بزووتنەوەیەکی خاوەن قووڵایی، پێش ئەوەی تەنیا لە شەقامدا بێت، لە کۆمەڵگە، ئابووری و کولتووردا ڕەگ دادەکوتێت.

٤. پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی

کۆماری ئیسلامی سیستەمێکی فرەڕەهەندە کە لە ئایدیۆلۆژیای ئایینی، دامەزراوەی ئەمنی و سەربازی، تۆڕی ئابووریی ڕانتی و کۆنترۆڵی کولتووری پێکدێت. ئەم پێکهاتەیە توانایەکی بەرزی بەرگری و خۆگونجاندنی هەیە، کە دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی تەمەنی خەسارەکانی ئەم سیستەمە، بەتایبەت لە بواری مافەکانی ژناندا.

٥. هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»

ئەم بزووتنەوەیە خاوەن هێزێکی کۆمەڵایەتیی مەزن و گوتارێکی ڕادیکاڵ بوو کە ژنان لە ناوەندیدا بوون. بەڵام نەبوونی ڕێکخستنی بەردەوام (بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان)، نەبوونی ستراتیژیی درێژخایەن و جیاوازییەکانی نێوان ناوخۆ و دەرەوە، وای کرد بزووتنەوەکە نەگاتە گۆڕانکاریی پێکهاتەیی (Structural Change).

٦. ڕەهەندەکانی قووڵایی ستراتیژی

٦-١. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: گۆڕینی پەیوەندیی ژن و پیاو لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا.

٦-٢. ڕەهەندی ڕێکخستن: دامەزراندنی تۆڕی بەتوانا و گرووپە ناوخۆییەکان لەسەر پرسی ژن.



٦-٣. ڕەهەندی ئابووری: دابینکردنی سەربەخۆیی دارایی ژنان و پەیوەندی بە بزووتنەوە ناوخۆییەکانی دیکەوە.

٦-٤. ڕەهەندی کولتووری: بەرهەمهێنانی گوتاری نوێ و ڕەخنەی ئەکادیمی لە پیاوسالاری لە ئاستی خوێندنی باڵادا.

٦-٥. ڕەهەندی سیاسی: بەشداری لە بڕیارسازی و دارشتنی یاساکان؛ بەکارهێنانی ئەندیشە و فەلسەفەی سیاسیی ژنان (بە جۆرێک ژن و پیاو تەواکەری یەک بن).

٧. قۆناغی گواستنەوەی سیاسی

ئەم قۆناغە بەهۆی هەڵوەشانی پێکهاتە کۆنەکان و نەبوونی جێگرەوەی گونجاو، مەترسیدارترین قۆناغە. مەترسییە سەرەکییەکان بریتین لە: گەڕانەوەی دیکتاتۆری و حاشاکردن لە خەباتی ژنان لە کاتی کۆکردنەوەی دەسەڵاتدا.

٨. تایبەتمەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان


ڕۆژهەڵات خاوەن ئەزموونی ڕێکخراوەییە و ژنان تێیدا ڕۆڵێکی مێژووییان هەبووە. بەڵام مەترسیی سەربازیبوون و تێکەڵبوونی پرسی نەتەوەیی و ڕەگەزی لە ئارادایە، کە زۆرجار بووەتە هۆی کەمڕەنگبوونی ئامادەیی ژنان.

٩. ئەنجام و پێشنیارەکان

پێویستە پێش قۆناغی گواستنەوە و لە کاتی گواستنەوەشدا، پێکهاتە سیاسییەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێن. مافی ژنان نابێت بۆ داهاتوو دوابخرێت و سەربەخۆیی بزووتنەوەکە و دروستکردنی هاوپەیمانیی کۆمەڵایەتی (بەتایبەت لەگەڵ پیاوان) و دابەشکردنی دەسەڵات، مەرجی سەرەکین.

ماوەتەوە بڵێین: بزووتنەوەی ژنان توانایەکی گەورەی بۆ گۆڕانکاری هەیە، بەڵام ئەم توانایە تەنیا کاتێک ئەنجامی بەردەوامی دەبێت کە بە «قووڵایی ستراتیژی» تەیار بکرێت. قووڵایی ستراتیژی واتە تێپەڕین لە کرداری پارچەپارچە بەرەو بنیاتنانی پێکهاتەیەکی زیندوو و فرەچین. لە غیابی ئەم پێکهاتەیەدا، تەنانەت ئەگەر سیستەمی پاوانخوازیش بڕووخێت، مەترسیی گەڕانەوەی فۆرمە نوێیەکانی هەژموونی هەیە. ئایندەیەکی یەکسان، دەرئەنجامی بنیاتنانی هۆشیارانەی نەزمێکی نوێیە کە تێیدا ژنان نەک لە پەراوێز، بەڵکو لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیارداندان.

# ژن وەک پاداشتی شەڕ



بێگەرد سوزەنی.

لەهەناوی مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە جەستەی ژن یەکێک بووە لەو مەیدانە جەنگییانەی کە دەسەڵاتە ئایدۆلۆژییەکان بۆ سەلماندنی باڵادەستیی خۆیان بەکاریان هێناوە. ئەوەی لەم دواییانەدا لە ڕێگەی میدیا فەرمییەکان و گرتە ڤیدیۆییەکانەوە دەبینرێت، نەک هەر مەراسیمێکی سادەی «هاوسەرگیری» نییە، بگرە گۆڕینی ناسنامەی مرۆیی ژنە بۆ «کاڵایەکی پاداشتکەر» لە پێناو مەرامە سەربازی و سیاسییەکاندا.

کاتێک سیستەمێکی سیاسی پەنا دەباتە بەر ئاساییکردنەوەی «نیکاحی کاتی» وەک ئیمتیازێک بۆ هێزە چەکدارەکانی، لە ڕاستیدا پەیامێکی مەترسیدار بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت؛ ئەویش ئەوەیە کە ژن نەک وەک مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە و هاوبەش لە ژیاندا، بگرە وەک «دەستکەوتێکی جەنگی» یان «خەڵاتی ورەبەرزکردنەوە» سەیر دەکرێت. ئەم جۆرە پرۆپاگەندەیە، کەرامەتی ژن دادەماڵێت و دەیکاتە ئامرازێک بۆ ڕاگرتنی دڵسۆزیی هێزە نیابەتی و سەربازییەکان.

ئەم دیاردەیە، لەژێر هەر ناو و پاساوێکی شەرعیدا بێت، لێدانێکی کوشندەیە لە پایەکانی خێزانێکی تەندروست. کاتێک هاوسەرگیری لە پەیوەندییەکی هەمیشەیی و مرۆییەوە دەگۆڕدرێت بۆ گرێبەستێکی کاتی و کورتخایەن کە تەنیا بۆ تێرکردنی حەزەکان یان وەک خەڵاتێک بۆ «خزمەتگوزاریی سەربازی» بەکاردێت، لێرەدا خێزان وەک ناوەندێکی پەروەردەیی و سۆزداری مانا ڕاستەقینەکەی خۆی لەدەست دەدات.

ئەم نمایشە ناشرین و ناحەزەی لە وێنە و ڤیدیۆکاندا دەبینرێت، هەوڵێکە بۆ:


ئاساییکردنەوەی سووکایەتی: وا نیشان دەدرێت کە ڕەزامەندیی ژن لە بەرامبەر ئایدۆلۆژیادا، بەشێکە لە ئەرکێکی پیرۆز، لە کاتێکدا ئەمە پێش ئەوەی پیرۆزی بێت، جۆرێکە لە ئیستغلالکردنی سیستماتیک.

بەکاڵاکردنی ناسنامە: لەم جۆرە دیدگایەدا، پێگەی کۆمەڵایەتیی ژن لە نووسەر، دایک، یان ئەندامێکی چالاکەوە، کورت دەکرێتەوە بۆ تەنیا ڕەهەندێکی جەستەیی کە لە کاتی پێویستدا وەک «پاداشتی تایبەت» دابەش دەکرێت.

بۆ ئێمەی ژنان، ئەرکێکی سەرشانمانە کە لە دژی ئەم جۆرە بەکاڵاکردنەی مرۆڤ بوەستینەوە. ژن کە پارێزەری زمان، ناسنامە و ژیانە، نابێت بکرێتە بەشێک لە پاداشتە سەربازییەکان. هەر سیستەمێک کەرامەتی ژن بکاتە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی، لە ڕاستیدا داهاتووی ئەخلاقی و مرۆیی کۆمەڵگەکەی خۆی لەناو بردووە. پاراستنی شکۆ و سەربەستیی ژن، پاراستنی شکۆی کۆمەڵگەیە لە بەرامبەر هەر هەوڵێکی چەوسێنەرانە کە دەیەوێت مرۆڤ وەک کەرەستە بەکاربهێنێت.

# کاتێک میدیا و دەسەڵات بە یەک زمان دەدوێن





کامران ڕامان محەمەدی

لەم هەفتانەی دواییدا، نەخشەیەکی ئاشنا لە ڕوومالّی میدیای ڕۆژئاوایی سەبارەت بە ململانێی نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا دووبارە بووەتەوە: کورد بە ناگەهانی دەخرێتە بەر تیشکی زەقی میدیایی – نە وەک ئەکتەرێکی سیاسی، بەڵکو وەک «هێزێکی زەمینی»، بژاردەیەکی ستراتیجی، یان درێژکراوەی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکە. باس لەوە دەکرێت کە ئایا «دەتوانرێت بەکاربهێنرێن»، ئایا «ئامادەن»، یان ئایا «ڕۆڵیان دەبێت». بەبێ ئەوەی ڕوانگەیەکی ورد لە پشتی ئەم چاوەڕوانییە هەبێت، ئەم جۆرە هەڵوێستگرتنە گوایە بۆ خەمخۆری کوردە، بەڵام – و بە شایەتیی مێژوو – خۆی بەشێکە لە کێشەکە و ڕاستییەکی زۆر ئاشکرا دەکات: ئەم شێوەی ڕوومالّ و ئانالیزکردنە چیتر تەنها بابەتێکی میدیایی و سیاسی نییە، بەڵکو بەشێکە لە پلانێک.

دیاریکردنی ڕۆڵ بۆ هێزی کوردستانی تەنها سادەکردنەوەی میدیایی نییە، بەڵکو درێژەدانە بە لۆژیکێکی مێژوویی. ئەوە ڕاستییێکی حاشاهەڵنەگرە کە بزووتنەوە کوردییەکان بە درێژایی دەیان ساڵ لەلایەن زلهێزە جۆراوجۆرەکانەوە بە شێوەی کاتی پاڵپشتی کراون، بەکارهاتوون و پاشان وازیان لێ هێنراوە. لە هەمان کاتدا، بە شێوەیەکی سیستەماتیک لەلایەن حکومەتە ناوەندگەر و پاوانخوازەکانی ناوچەکەوە – وەک ئێران – وەک هەڕەشەیەک بۆ «یەکێتی نەتەوەیی» پیشان دراون و سەرکوت کراون. بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەم ڕاستییەش کە کورد خاوەن ئامانج و ئیرادەی تایبەت بە خۆیە لە کەس شاراوە نیە. کاتێک میدیاکانی ڕۆژئاوا ئەمڕۆ دیسان تەنها لە ڕووی «بەکارهێنانی کورد وەک هێزی نیزامی»، «ئۆپەراسیۆنی زەمینی» یان «ڕۆڵی سەربازی» باس لە کورد دەکەن، لە ڕاستیدا هەمان بۆچوون و لۆژیک دووبارە بەرهەم دێننەوە کە بزووتنەوەی کوردستانی تووشی خەسار کردووە – تەنانەت ئەگەر بە مەبەستی ڕەخنەگرانەش بێت.

ئەوەی لێرەدا پشتگوێ دەخرێت، واقیعی خودی ئەم بزووتنەوانەیە. هێزە سیاسییە کوردستانیەکان لە ئێراندا بەرهەمی یارییە جیۆپۆلیتیکییەکان نین، بەڵکو لە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، لە ئەزموونێکی درێژی سەرکوت و لە واقیعێکەوە سەریان هەڵداوە کە تێیدا نە لە دەسەڵاتی پاشایەتی و نە لە کۆماری ئیسلامی وەک بەشێکی یەکسان نەناسراون و مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە. بزووتنەوەکانی کوردستان، وەک کۆمەڵە، لە پێکهاتە کرێکاری، خوێندکاری و جەماوەرییەکانەوە سەریان هەڵداوە، لە هەلومەرجی سەرکوتکردندا ڕێکخراون و کولتوورێکی سیاسییان لەسەر بنەمای خۆڕێکخستن، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنی ئیرادەی گەل پێکهێناوە. ئەمانە «هێزی زەمینی» نین؛ ئەمانە ئەکتەری سیاسین. و هەر لەبەر ئەم هۆکارە، هەردوو لایەن کێشەیان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد هەیە.

یەکەم، بۆ میدیای ڕۆژئاوا، چونکە کورد لە چوارچێوەی سەربازیی سادەدا ناگونجن. دووهەم، بۆ لۆژیکی ناوەندیی دەسەڵات لە ئێران – و بۆ ڕەوتە پاشایەتییەکانیش – چونکە کورد نوێنەرایەتیی مۆدێلێکی دیکەی سیاسەت دەکەن: مۆدێلێک کە لە سەرەوە نەهاتووە، بەڵکو لە خوارەوە دروست بووە و لەسەر ناسنامەیەکی ساختەی یەکگرتوو دانەمەزراوە. لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەیی نوێ لە ئێرانەوە، فرەڕەنگی و جیاوازی هەمیشە وەک مەترسی بینراوە، چونکە پێچەوانەی بیرۆکەی ئێرانێکی یەکگرتوو و ناوەندیی کۆنترۆڵکراو بووە. لەبەر ئەوە، پرسی کورد پرسی سەربازی نییە؛ پرسی سیاسییە.

**هێزە سیاسییە کوردستانیەکان لە ئێراندا بەرهەمی یارییە جیۆپۆلیتیکییەکان نین، بەڵکو لە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، لە ئەزموونێکی درێژی سەرکوت و لە واقیعێکەوە سەریان هەڵداوە کە تێیدا نە لە دەسەڵاتی پاشایەتی و نە لە کۆماری ئیسلامی وەک بەشێکی یەکسان نەناسراون و مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە. بزووتنەوەکانی کوردستان، وەک کۆمەڵە، لە پێکهاتە کرێکاری، خوێندکاری و جەماوەرییەکانەوە سەریان هەڵداوە، لە هەلومەرجی سەرکوتکردندا ڕێکخراون و کولتوورێکی سیاسییان لەسەر بنەمای خۆڕێکخستن، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنی ئیرادەی گەل پێکهێناوە. ئەمانە «هێزی زەمینی» نین؛ ئەمانە ئەکتەری سیاسین. و هەر لەبەر ئەم هۆکارە، هەردوو لایەن کێشەیان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد هەیە.**

**یەکەم، بۆ میدیای ڕۆژئاوا، چونکە کورد لە چوارچێوەی سەربازیی سادەدا ناگونجن. دووهەم، بۆ لۆژیکی ناوەندیی دەسەڵات لە ئێران – و بۆ ڕەوتە پاشایەتییەکانیش – چونکە کورد نوێنەرایەتیی مۆدێلێکی دیکەی سیاسەت دەکەن: مۆدێلێک کە لە سەرەوە نەهاتووە، بەڵکو لە خوارەوە دروست بووە و لەسەر ناسنامەیەکی ساختەی یەکگرتوو دانەمەزراوە. لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەیی نوێ لە ئێرانەوە، فرەڕەنگی و جیاوازی هەمیشە وەک مەترسی بینراوە، چونکە پێچەوانەی بیرۆکەی ئێرانێکی یەکگرتوو و ناوەندیی کۆنترۆڵکراو بووە. لەبەر ئەوە، پرسی کورد پرسی سەربازی نییە؛ پرسی سیاسییە.**

چونکە بزووتنەوە کوردییەکان پرسیارێکی بنەڕەتی دەوروژێنن: کێ دەسەڵات پێناسە دەکات – دەسەڵاتێکی مەرکەزی، یان کۆمەڵگەیەکی فرەیی کە خۆی خۆی ڕێکدەخات؟ ئەم پرسیارە هەڕەشەیەکی جدییە بۆ هەر سیستەمێک کە لەسەر یەکپارچەیی و کۆنترۆڵ دامەزرابووە. و بە هەمان شێوە، مەترسییە بۆ هەر پرۆژەیەک کە هەوڵی سەپاندنی خواستی گروپێک بدات لە ژێر ناوی «یەک وڵات، یەک ئاڵا، یەک ڕێبەر».

لەو چوارچێوەیەدا، ڕوومالّی میدیایی ئەمڕۆ بێلایەن نییە. کاتێک کورد زۆرجار وەک «ئامراز» یان «دەرفەت» وەسف دەکرێت، نیگای گشتی بەتەواوی بە هەمان ئاراستەدا دەڕوات کە ساڵانێکە ڕژێمەکان وەک ئێران بەرهەمی دەهێنن: گواستنەوەی بابەتەکان لە سیاسەتەوە بۆ ئەمنیەت. پارادۆکسەکە لەوێدایە – و دەرئەنجامەکان و قەیرانەکانی ڕاستەقینەن. بۆیە، لە حاڵێکدا هەمووان دەپرسن کێ دەیەوێت کورد بەکاربهێنێت، پرسیارێکی بنەڕەتی بە تەواوی لادەبرێت: کورد خۆی چی دەوێت؟ و ڕێک ئەوە کێشەکەیە. تا کورد نە وەک ئەکتەری سیاسی، بەڵکو وەک بەشێک لە ستراتیژیی کەسێکی تر سەیر بکرێت، هەر شیکارییەک سەتحی دەمێنێتەوە و بە شێوەیەکی ناهۆشیار، ئەو پێکهاتە دەسەڵاتانە بەهێز دەکات کە دەیەوێت ڕەخنەیان لێ بگرێت. واقیعەکە ئاڵۆزترە. بزووتنەوە کوردییەکان نە فریادڕەس و نە ئامرازن. ئەوان دەربڕینی خەباتێکی درێژخایەنن بۆ بەشداریکردن، ئۆتۆنۆمی و پێناسەیەکی جیاواز بۆ دەسەڵات. هەر شیکردنەوەیەک کە ئەم ڕاستییانە نادیدە بگرێت، نەک تەنها لە ئێستای دینامیکی سیاسی تێناگات، بەڵکو هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە دەکاتەوە.

# کوردستان؛ حکوومەتی سێبەر

جەلال کەوکەبی



پێکهێنانی «هاوپەیمانیی شەش حزب و ڕێکخراوی کوردستانی ئێران» دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوێکی پێویست بێت، بەڵام ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە تەنیا لە ئاستی بەیاننامە و هێمادا بمێنێتەوە، لە ڕاستیدا هەمان لاوازیی مێژوویی بەرهەم دەهێنێتەوە. بێ پێناسەکردنی پرۆژەیەکی هاوبەشی کردەیی، تەنانەت لە کەمترین ئاستیشدا، هەر گۆڕانکارییەکی دەرەکی لە جیاتی ئەوەی ببێتە دەرفەت، دەبێتە هەڕەشە. ئەم پرۆژەیە دەبێت لە سەرووی ململانێ حزبی و ناوچەییەکان بێت و بتوانێت بەرژەوەندییە باڵاکان بخاتە پێش کێبڕکێ کورتخایەنەکان.
بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، پێویستە کوردستان بتوانێت تواناکانی خۆی لە «ئەگەر»ەوە بگۆڕێت بۆ «هێزی واقیعی». ئەمەش نەك تەنیا کۆدەنگیی سیاسی و هەماهەنگیی نێوان حزبەکان دەگرێتەوە، بەڵکوو پێویستی بە دروستکردنی پێکهاتەگەلێك هەیە کە بتوانن لە ئاستی کردەییدا کاروباری حکوومەتداری، داڕشتنی سیاست و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان ئەنجام بدەن. هەرچەندە ئەم پێکهاتانە بەهێزتر بن، ئەگەری کاریگەری لەسەر هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەبێت و تێچووی پشتگوێخستنی داخوازییەکانی کورد بۆ ئەکتەرەکانی تر گرانتر دەبێت.
لە کۆتاییدا، گرینگترین وانەی مێژوو ئەوەیە کە دەرفەتەکان بۆ ئەو کەسانەن کە پێشوەختە خۆیان بۆ ئامادە کردووە. ئەگەر کوردستان هەر لە قۆناغی پەرچەکرداردا بمێنێتەوە، تەنانەت گەورەترین گۆڕانکارییەکانیش نابنە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی. بەڵام ئەگەر بڕیارە ئەم بازنەیە بشکێت، هەنگاوی داهاتوو ناتوانێت تەنیا دووبارەکردنەوەی دروشم بێت، بەڵکوو دەبێت بەرەو گۆڕینی ئەم هاوپەیمانییە بۆ پێکهاتەیەکی سیاسیی ڕێکخراو و وەڵامدەرەوە هەنگاو بنێت.

کوردەکان لە یەکێک لە چارەنووسسازترینوەرچەرخانەکانی مێژووی هاوچەرخدا، واتە هاوکات لەگەڵ هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا و کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم، نەیانتوانی دەستیان بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی ڕابگات. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی پرسێک بە ناوی ماف بوونی نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای «هاوسەنگیی هێز» کار دەکات، نەک لەسەر بنەمای دادپەروەریی مێژوویی.

لەو قۆناغەدا، کوردەکان بێبەش بوون لە ڕێبەرییەکی ناوەندی و پرۆژەیەکی سیاسیی یەکگرتوو. کۆمەڵگەیەک کە هێشتا لە چوارچێوەی پێکهاتە خێڵەکی و ناوخۆییەکاندا پێناسە دەکرا، نەدەتوانرا لەگەڵ ئەو هێزانەدا ڕکابەری بکات کە خەریکی بنیاتنانی دەوڵەت–نەتەوەی مۆدێرن و ناوەندی بوون. لە هەمان ئەو کاتەی کە بژاردەی تورک لەژێر ڕێبەریی ناوەندێکی سیاسیی یەکگرتوودا سەرقاڵی پێناسەکردنەوەی سەروەری و سنوورەکان بوون، هێزە کوردییەکان پەرتەوازە، بێهەماهەنگی و زیاتر لە دۆخی «پەرچەکردار» (واکنش) دابوون. ئەم ناناوەندێتییە نەک هەر ڕێگر بوو لە دروستبوونی ستراتیژێکی نەتەوەیی، بەڵکوو دەرفەتی دانوستانێکی کاریگەریشی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەناو برد. لە ئەنجامدا، لە ڕێککەوتننامە چارەنووسسازەکاندا، کوردەکان نەک وەک «ئەکتەر»، بەڵکوو وەک «بابەتێکی جێی باس» ئامادەییان هەبوو.

پەرتەوازەیی جوگرافیای کوردان لە نێوان چوار وڵاتدا و جیاوازیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی هەر بەشێک، ئەم لاوازییە مێژووییەی قووڵتر کردەوە. هەر بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی لە چوارچێوەیەکی جیاواز و زۆرجار دژبەیەکدا کاری دەکرد و ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی دەرفەتی پێکهێنانی ناسنامەیەکی سیاسیی یەکگرتوو و پرۆژەیەکی نەتەوەیی کردەیی. لە هەمان کاتدا، پرۆژە نەتەوەییە ڕکابەرەکان کە خاوەن ڕێکخستن و پشتیوانیی دەرەکی بوون، توانییان بەسەر ڕاستییەکانی مەیدانەکەدا زاڵ بن و ئاراستەی مێژوو بە قازانجی خۆیان بگۆڕن.

ئەمڕۆ ئەگەر دەوترێت مێژوو خەریکە دووبارە دەبێتەوە، ئەم دەستەواژەیە تەنیا کاتێک واتا دەبەخشێت کە هەمان الگو و نموونە لاوازەکان دووبارە ببنەوە. ڕەنگە بارودۆخی نێودەوڵەتی جارێکی تر تووشی گۆڕانی قووڵ ببێت، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەک بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە قازانجی نەتەوەیەک کار ناکات. ئەگەر کوردستان بیهەوێت ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی تراجیدیای مێژوویی بکات، مەرجی یەکەم، تێپەڕینە لە پەرتەوازەیی سیاسی و هەنگاونانە بەرەو «کەمینەیەک لە کۆدەنگیی ستراتیژیک».

پێکهێنانی «هاوپەیمانیی شەش حزب و ڕێکخراوی کوردستانی ئێران» دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوێکی پێویست بێت، بەڵام ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە تەنیا لە ئاستی بەیاننامە و هێمادا بمێنێتەوە، لە ڕاستیدا هەمان لاوازیی مێژوویی بەرهەم دەهێنێتەوە. بێ پێناسەکردنی پرۆژەیەکی هاوبەشی کردەیی، تەنانەت لە کەمترین ئاستیشدا، هەر گۆڕانکارییەکی دەرەکی لە جیاتی ئەوەی ببێتە دەرفەت، دەبێتە هەڕەشە. ئەم پرۆژەیە دەبێت لە سەرووی ململانێ حزبی و ناوچەییەکان بێت و بتوانێت بەرژەوەندییە باڵاکان بخاتە پێش کێبڕکێ کورتخایەنەکان.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، پێویستە کوردستان بتوانێت تواناکانی خۆی لە «ئەگەر»ەوە بگۆڕێت بۆ «هێزی واقیعی». ئەمەش نەک تەنیا کۆدەنگیی سیاسی و هەماهەنگیی نێوان حزبەکان دەگرێتەوە، بەڵکوو پێویستی بە دروستکردنی پێکهاتەگەلێک هەیە کە بتوانن لە ئاستی کردەییدا کاروباری حکوومەتداری، داڕشتنی سیاست و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان ئەنجام بدەن. هەرچەندە ئەم پێکهاتانە بەهێزتر بن، ئەگەری کاریگەری لەسەر هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەبێت و تێچووی پشتگوێخستنی داخوازییەکانی کورد بۆ ئەکتەرەکانی تر گرانتر دەبێت.

لە کۆتاییدا، گرینگترین وانەی مێژوو ئەوەیە کە دەرفەتەکان بۆ ئەو کەسانەن کە پێشوەختە خۆیان بۆ ئامادە کردووە. ئەگەر کوردستان هەر لە قۆناغی پەرچەکرداردا بمێنێتەوە، تەنانەت گەورەترین گۆڕانکارییەکانیش نابنە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی. بەڵام ئەگەر بڕیارە ئەم بازنەیە بشکێت، هەنگاوی داهاتوو ناتوانێت تەنیا دووبارەکردنەوەی دروشم بێت، بەڵکوو دەبێت بەرەو گۆڕینی ئەم هاوپەیمانییە بۆ پێکهاتەیەکی سیاسیی ڕێکخراو و وەڵامدەرەوە هەنگاو بنێت.

لەم چوارچێوەیەدا، بیرۆکەی پێکهێنانی «حکوومەتی سێبەر» دەکرێت وەک ئامرازێکی کردەیی بۆ تێپەڕین لە پەرتەوازەیی بەرەو ڕێکخراوەیی بخرێتە ڕوو؛ پێکهاتەیەک کە نەک وەک ڕاگەیاندنێکی سیمبولیک، بەڵکوو وەک مەشقێکی ڕاستەقینەی حکوومەتداری، بەرهەمهێنانی سیاست و دروستکردنی هەماهەنگی لە ئاستە جیاوازەکاندا کار بکات. تەنیا لە دۆخێکی ئاوادایە کە کوردستان دەتوانێت لە پێگەی «بابەتێکی بێدەسەڵات» بێتە دەرێ و ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا.

# لێکدانەوەیەک بۆ شەڕی ئامریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران و چەند خاڵێکی جێی سەرنج



کەیوان دوورودی

چاوخشاندنێک بەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئاپۆڕەی خەڵک مەیلی بۆ دەستخستنی زانیاری، شیکردنەوە و ئەنجامگیری، بەشێوەی خێرایە؛ ئەمەش بۆ ئەم ڕۆژانە کە بینەری دیاردەی گەورە و ئاڵۆزی شەڕین، دەست نادات و تووشی بەهەڵەداچوونمان ئەکات.
جارێ پێش هەموو شتێ، شەڕی ئەم سەردەمە بە پێوەری مێتۆدە کلاسیکەکان، خوێندنەوەی بۆ ناکرێ. واتە ئێمە ناتوانین شەڕێ کە زیاتر بە هاژەکە، لە مەودای دوورەوە دەچێتە پێش و بەشێوەی ناهاوسەنگە، بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو شەڕانەی کە پێشتر بە سەنگەر و بەرەیەکی تایبەت بەرامبەر ئەوی یان ئەوانی تر دەناسرا. دروستبوونی درۆنی بچووک خۆتەقێن (ئەگەر وشە داتاشراوەکە دروست بێ)، چاوەدێریی بەردەوامی ئاسمانی، کاریگەریی چڕی ئینتەرنێت و مانگی دەستکرد، هەر هەموو گۆڕانێکی گەورەن. هەروەها بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شەڕی هەواڵگری و مەعریفی لەناو شەڕا، لایەنێکی تازەی شەڕە کە زۆر جیاوازە لە شەڕەکانی ئەوسا.
کەواتە، ڕێژە، قەبارە و بەکارهاتوویی چەک، ئەگەرچی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، بەڵام نابێ ئێمە تووشی بەلاڕێداچوون بکات بۆ تێگەیشتن لە مانا، ئاراستە و ئاکامی شەڕەکان. جاروایە شەڕێ بۆ وڵاتێ وەکوو هەنگاوێکی پێشگیرانەیە، بەڵام بۆ وڵاتێ بەرامبەر زیاتر هەوڵێکی ئامانجدارە.
بۆ نموونە لێرەدا ئامریکا بە ئامانجەوە چووەتە ناو شەڕ، ئەو ئامانجانەش خۆی لە سێ خاڵی سەرەکیی بنبڕکردنی هەڕەشەی ئەتۆمی، هاژەکی و پراکسیسازیی کۆماری ئیسلامیدا دەبینێتەوە کە لەم دابیە گەرووی هورمۆزیشی پێ زیاد بوو. بەڵام، لە لایەکی تر، ڕاستە کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاوە کە ئەگەر شەڕ هەر لەم چرکەساتە کۆتایی بێ، پێی باشە چونکە ئامانجێکی هەم شەڕە بەدی نایەت. ڕاستە ڕژیمی ئێران بە پەرەپێدانی سیاسەتی ئایدیۆلۆژیک، ئێرانی کرد بە بەستێنێ بۆ هێرشێکی نێودەوڵەتی، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەم پێش لە شەڕ و هەم ئێستە، هەوڵ دەدات بە هەر جۆرێک کە بکرت شەڕەکە ڕابگرێ تا پێش لە ماڵوێرانیی زیاتری خۆی بگرێت. بۆیە کاتێ دەمانەوێ، بۆ ئەگەری درێژە و ڕاگیران یان ڕێژەی دەستکەوتەکان، لێکدانەوە بکەین، دەبێ زیاتر چاو لە ئامانجەکانی لایەنی ئامریکایی بکەین؛ چونکە بڕیار نییە ئێران شتێکی دەست بکەوێ!
بابەتێکی تر، سنوورداربوونی توانستە نیزامییەکانی ئامریکایە. زۆر جار گوێمان لێ دەبێ کە ئامریکا هەر کارێ پێی خۆش بێ دەیکا! لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا وەهمێکە. ئامریکا هیچکات پێی باش نەبوو و پێشی خۆش نەبوو شەڕی ڤییەتنام و ئەفغانستان بکات، بەڵام ناچار بوو، تێچووەکەیشی دا و بەڕاستیش زەربەی لێ کەوت! کاتێ ئامریکا ناچار دەبێ بەرامبەر بە ژاپۆن، بۆمبی ئەتۆمی بەکار بێنێ، واتە ئەو وڵاتە نەیتوانیوە ئامانجی خۆی لە شەڕ دەست بخات. ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی دوو فڕۆکەوانەی ئامریکا نیشانی دا کە ئیمکانی عەمەلییاتی ڕزگارکردن لەناو قووڵایی خاکی خاکدا -تەنانەت بۆ ئامریکا- هێشتا بێمەترسی نییە. بە وتەی سەرچاوەکانی هەواڵ، تەنیا لەو ئۆپەراسیۆنەدا یەک فڕۆکەی «ئەی ١٠» و دوو هیلیکۆپتەری «بلەک هاوک» بەر ئاگری پەدافەند کەوتوون.



هەروەها خاڵێکی جێی سەرنجی تر پرۆپاگاندای کۆماری ئیسلامییە کە وا دەکات بەردەنگ هەست بکات ئەو وڵاتە خاوەن هێزێکی تایبەتە! بۆ نموونە کاتێ ڤیدیۆی کەوتنی هاژەکێ لە ناوەڕاستی ئیسرائیل بڵاو دەبێتەوە! بەردەنگ بە حاڵەتی هەڵشڵەژانی باری دەروونیی هاووڵاتییان، تووشی ئەو هەڵە بێ کە ئێران بەهێزە! لێرەدا تێگەیشتنی بینەر کورت دەبێتەوە لەسەر ئەو بەریەککەوتنە کە تێیدا هاژەکێ بەهێز لە نزیک کەسانێکی بێدەسەڵات دێتە خوار! لە کاتێکدا هەر لەو چرکەسانە فڕۆکەکانی ئیسرائیل پۆل پۆل بێ هیچ سەرئێشەیەک لە ئاسمانی ئاوەڵای ئێراندا بەدوای ئامانجەکانیان ئەگەڕێن. خاڵێکی تر هەر لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە کە ئیسرائیل و ئامریکا دەبێ ئەوپەڕی هەوڵیان بدەن کە هاژەکهاوێژەکانی ڕژیم لەناو کۆڵانەکان، بە جۆرێ بە ئامانج بگرن کە کەمترین مەترسی بۆ سەر خەڵک دروست بێ لە کاتێکدا ڕژیم ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات تا هێرش بۆ سەر ناوەڕاستی شارەکان ئەنجام بدات.
هەر بۆ ئەو مەبەستەشە کە هاژەکی هێشوویی بەکار دێنێ تا زۆرترین خەڵکی بەر کەوێ.
جگە لەمانەش، دەکرێ شەڕ بێ ئەوەی لایەنێ ئەوی تر بە تەواوەتی تەفروتوونا بکات، کۆتایی بێ. کاتێ ئامریکا دڵنیا بێتەوە لەوەی کە ڕژیم مل نادات، بەر لەوەی بیر لە ناردنی دەیان هەزار سەرباز بۆ ناو جەرگەی شەڕ بکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن کۆماری ئیسلامی تا ئاستێ لاواز بکات کە نەتوانێ بەم زووانە پشت ڕاست بکاتەوە. هەر جۆر بێ، ئەزموونی ئەفغانستان و عێراق، ڕێگرە لەوەی ئامریکا پرۆژەی هاشێوە دەست پێ بکاتەوە.
جێهێشتنی کۆماری ئیسلامییەکی لەرزۆک و لاواز کە هەڕەشەی جیدی نییە، باشترە لە تێچووی میلیارد دۆلاری، کووژرانی سەدان سەرباز و هتد، بێ ئەوەی ئاکامێکی باشتری لە عێراق و ئەفغانستان بێ!

# ئاشتییەکی بەردەوام یان بێدەنگییەک بۆ جەنگێکی گەورەتر؟

آ.گ. رضا

گفتوگۆکانی ئەم دواییەی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پاکستان، نابێت وەک دانیشتنێکی دیپلۆماسیی ئاسایی سەیر بکرێن. ئەم گفتوگۆیانە پەرچەکردارێکن بەرامبەر بە فشارە ئابوورییەکان، تێچووە بەرزەکان و گرانیی وزە و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی خەڵک لە ئەمریکا و تا ڕادەیەک لە ئەورووپاش، کە بەردەوامبوونی دۆخەکەی بۆ واشنتۆن سەخت کردووە. لە بارودۆخێکی وەهادا، دانوستان لای ئەمریکا نەک هەر هەڵبژاردن نییە، بگرە پێویستییەکی ناچارییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو قەیرانانەی بە هۆکاری جەنگ دروست بوون.
سەبارەت بە ڕژێمی ئیسلامی، پرسەکە بە تەواوی جیاوازە؛ ئەگەر ئاگربەست و گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ ئەمریکا چارەسەرکردنی پرسێکی دیپلۆماسی و زامنکردنی هەژموونی خۆی بێت، ئەوا بۆ ڕژێمی ئیسلامی پرسی مان و نەمانە.
ڕژێمی ئیسلامی تەنانەت پێش جەنگیش گیرۆدەی قەیرانێکی گەورەی ناوخۆیی بوو و بە کوشتارێکی چل هەزار کەسی، بۆ ماوەیەک قەیرانەکەی وەلانا؛ هەروەها بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی، جەنگی وەک «بەرەکەت» بەکارهێنا و چووە پێشەوە. بەڵام لەم نێوەندەدا، بە کوژرانی خامنەیی وەک ڕێبەری بێڕکابەر و «چەسپ»ی ڕژێم و زۆربەی فەرماندە و کەسایەتییە ئەمنی و سەرەکییەکان، ڕژێم تووشی دارمان لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا بووە و چیتر توانای بەردەوامبوونی جەنگی لەم ئاستەدا نەماوە؛ بێگومان دەستپێکردنی ململانێ ناوخۆییەکان و جەنگی دەسەڵاتیشی دەبێت بۆ زیاد بکرێت.
نەبوونی پێکهاتەیەکی ڕێبەرایەتی، پەرتەوازەیی هێزەکان و نەمانی پەیوەندی لە ئاستی سەرکردایەتیدا -کە فەزای بڕیاردانی ئاڵۆزتر کردووە و پرسی دووبارە بنیاتنانەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی جدی کردووەتەوە- وای کردووە کە ڕژێم بە هەر نرخێک بێت هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئاگربەست بدات. خودی ئاگربەست بۆ ڕژێمی ئیسلامی هەنگاوێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە لەناوچوونی حەتمی.
لەلایەکی دیکەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ئاسان نەبووەتەوە؛ تێچووی بەرزی ململانێ دەرەکییەکان، فشاری ڕای گشتیی ناوخۆ و هەڵبژاردنەکانی بەردەم، لەگەڵ جیاوازیی بۆچوون لە نێوان هاوپەیمانە ئەورووپییەکان و ناتۆ، وای کردووە دەستی واشنتۆن بۆ پەرەپێدانی قەیرانەکە بە تەواوی کراوە نەبێت. هەر ئەم هۆکارانە هەردوولای بەرەو جۆرێک لە «بەڕێوەبردنی گرژییەکان» بردووە. بۆیە خودی دانوستانەکان زیاتر بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و کۆکردنەوەی هێزە نەک بۆ چەسپاندنی ئاشتی.
لەم چوارچێوەیەدا، دانوستان پێش ئەوەی سەرەتایەک بێت بۆ ڕێککەوتنێکی کۆتایی، ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە و ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی قەیرانەکان لە ناو ڕیزەکانی خۆیاندا.
لە کۆتاییدا، ئەم دانوستانانە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە دانەمزراون، بگرە سواری شەپۆلی درز و جیاوازییە قووڵەکانی نێوان هەردوولا بوون. ئێران دوای گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە، هێشتا گیرۆدەی قەیرانە ناوخۆییەکان و جێگیرکردنی دۆخە نوێیەکەیە. لە بەرامبەردا، ئەمریکاش تەرکیزی خستووەتە سەر سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر بازاڕەکانی. هەر ئەم دژایەتییە دەبێتە هۆی ئەوەی هەر پێشکەوتنێک، لەرزۆک و سنووردار بێت.
دەرەنجامی ئەم پرۆسەیە زیاتر بەرەو «بەڕێوەبردنی قەیران» دەچێت نەک ئاشتییەکی بەردەوام. هەردوولا هەوڵ دەدەن گرژییەکان کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام تا ئەو کاتەی جیاوازییە سەرەکییەکان بە چارەسەرنەکراوی بمێننەوە، ئەم بارودۆخە دەتوانێت هەر ساتێک دووبارە بەرەو هەڵگیرسانەوەی جەنگ بڕوات.
ئەمجارەیان ئەگەر جەنگ ڕوو بدات، شایەدی جیهانێک دەبین بەبێ کۆماری ئیسلامی

# کۆمەڵە و پەیوەندی و هاوکارییەکان؛ کۆمەڵە و حیزبەکانی کوردستان

## بەشێک لە بەیانییەی سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



دواڕۆژ

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەبەر بڕوای بە پلۆرالیزمی سیاسی و بوونی مەیل و ویستی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ لە کوردستان و حیزبی جۆراوجۆر کە نوێنەرایەتیی ئەو خواست و مەیلانە دەکەن، هەر لە سەرەتای چالاکییەوە هاوکاری و هاوئاهەنگیی حیزبە کوردستانییەکانی بە مەرجێکی سەرەکی بۆ بەسەرەنجام گەیاندنی خەباتی جەماوەریی نەتەوەی کورد زانیوە و هەموو ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری لە هاوکاریی دوو لایەنە چەند لایەنە یان بەرەیەکی بەرینی کوردستانی ڕاگەیاندوە و هەوڵی بۆ داوە. پێکهاتن و هاوکاری لە سەر خاڵە هاوبەشەکان و هەوڵ بۆ گەیشتن بە ستراتێژییەکی نەتەوەیی هاوبەش دەتوانێت خزمەتی گەورە بە بزاڤی کوردستان بکات و هێز و توانای بزووتنەوەکە دژی داگیرکەر یەکانگیر بکات و هیوای جەماوەر بە سەرکەوتن گەشتر بکات.

لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان ڕوانینی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە

- کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و مەیل و ویستی جیاوازی تێدایە. ئەم خاڵە دەبێت لە لایەن هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی چالاک لە کوردستان ڕێزی لێ بگیرێ. ڕێزدانان بۆ پلۆرالیزمی سیاسی و پەرەپێدانی دیالۆگ و پابەندبوون و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک مانا و ناوەڕۆکی ئەو ڕێزگرتن و قەبووڵ کردنەیە.
- گەیشتن بە ستراتێژیی نەتەوەیی هاوبەش خاڵی یەکلاکەرەوەیە لە هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و هاوپەیمانیی بەرینی حیزبە کوردستانییەکان و خاڵێکی سەرەکیی کاری کۆمەڵەی دەبێت.
- حیزبەکانی کوردستان دەبێت هەوڵ بۆ سڕینەوە و لەمەیدان بەدەرکردنی یەکدی کۆتایی پێ بێنن و بنەمای پەیوەندییەکانیان هەوڵ بۆ دۆزینەوە خاڵی هاوبەش و دەرفەتی هاوپشتی و هاوکاری بێت.
- کوردستان و بزووتنەوە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕانەکەی دەخوازن کە حیزبەکانی بەڵێنی قەدەغەبوونی بەکارهێنانی زۆر و دەست بردن بۆ چەک بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکانیان پێ بدەن. ئەم بەڵێنە لە درێژەی خۆیدا بە نەمانی هێزی نیزامیی حیزبی و دامەزرانی هێزێکی نیزامیی ناحیزبی و گشتیی کوردستانی دەتوانێ بەر بە هەر جۆرە بەکارهێنانی هێز و زۆر لە کێشە سیاسییەکاندا بگرێ و ئەو کێشانە بە دەنگی خەڵک یەکلایی بکرێنەوە.
- حیزبەکانی کوردستان دەبێ پابەندیی خۆیان بە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی لە هەموو ئاستەکاندا نیشان بدەن لە گرنگترینی ئەو خاڵانە دژایەتی نەکردنی بەرژەوەندییەکانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بەشەکانی دیکەیە.
- هاوپەیمانی لەگەڵ دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە بەشەکانی دیکە و پێکهێنانی هاوپەیمانی دژی بزووتنەوەی کوردستان لەو بەشانەدا یارمەتیی درێژەی داگیرکەری و ستەم لە کوردستان بە گشتی دەدا و پێچەوانەی پرەنسیپ و بەها ڕزگاریخوازانەکانی بزووتنەوەی کوردستانە.

### کۆمەڵە و نەتەوەکانیتری ناو جوگرافیای سیاسیی ئێران

دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لە ڕابردوو و ئێستاشدا لەسەر بنەمای بێمافکردن، تواندنەوە و سەرکوتی نەتەوەکان و سازکردنی نەتەوەیەکی ساختە دامەزراوە. حکوومەتەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی داگیرکەرانە و زاڵمانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مافخوازیی نەتەوەکاندا کردووە.

سەرەڕای سەرکوتکرانی بەردەوامی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران، بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە مافەکانی لەم ساڵانەی دواییدا هەم لە بواری هێز و هەم لە بواری ناوەڕۆکەوە گەشەی کردووە و بەهێزتر بووە. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، خووزستان، ئازەربایجان، بەلووچستان و هتد.... ڕوو لە گەشەن و نەتەوە بندەستەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئێران خوازیاری سەربەستی و مافی خۆیان بۆ بڕیاردان لە سەر وڵاتی خۆیان و نەمانی ستەمی نەتەوەیی و کۆتایی پێهاتنی ملهۆڕی حکوومەتی ناوەندی، میلیتاریزم و شۆڤینیزمی نەتەوەیی و ئایینی، لە ئێرانن.

کۆمەڵە وەکوو هێزێکی چەپ و پێشکەوتنخواز بە ئەرکی خۆی دەزانی سیاسەتەکانی کۆماری داگیرکەری ئیسلامی بۆ پەرەدان بە ناکۆکی نێوان نەتەوە ژێردەستەکان پووچەڵ بکاتەوە و ڕۆحی هاوکاری و هاوپشتی و پێکەوە هەڵکردن پەرەپێبدات و نەهێڵێت پیلانە شۆڤینیستییەکانی حکوومەتی ئێران کەلێن بخاتە نێو ڕەوتە مافخوازەکانی میللەتان.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکان بە مافێکی بێئەملاوئەولا و حاشاهەڵنەگر دەزانێت و لەسەر ئەو بڕوایە هاوکاریی نێوان نەتەوە بێمافکراوەکان لە دژی حکوومەتی ناوەند بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەم قۆناغەدا یارمەتیدەر و پێویستە.

### پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆمەڵە

خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کوردستان بۆ ئەوەی شانسی خۆی بۆ سەرکەوتن زیاد بکا جیا لە پشتبەستن بە خەباتی جەماوەری و هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە خاڵی سەرەکی و گرنگترین ئەرکە، پێویستی بە ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای دۆزی ڕەوای کورد لەو بەشەی کوردستان هەیە و هاوکات ڕاکێشانی پشتیوانیی بۆ ئەو خەباتە هێز و وزەی زیاتر دەداتە بزووتنەوەکە. بۆیە کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستی بە دیپلۆماسیی کارامەی پشتبەستوو بە هێزی جەماوەری خەباتکار هەیە و دەبێت بتوانێت لە ناوەندە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکاندا چالاک و بەرچاو بێ و سۆز و یارمەتی و هاوکاریی لایەنە پێشکەوتوو و حیزبە چەپ و دیموکرات و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. لەو پەیوەندییانەدا پێویستە کۆمەڵە مەرجی هاوتەریببوونی ئەو هەوڵ بۆ نزیکبوونەوانە لەگەڵ ڕێزدانانی لایەنی بەرامبەر بۆ خەباتی نەتەوەی کورد بۆ مافی سەروەریی خۆی و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی، بپارێزێ. هیچ یارمەتی و هاوکارییەک لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان نابێ پێچەوانەی بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵە و بەرژەوەندە گشتییەکانی نەتەوەی کورد بێت.

**خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کوردستان بۆ ئەوەی شانسی خۆی بۆ سەرکەوتن زیاد بکا جیا لە پشتبەستن بە خەباتی جەماوەری و هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە خاڵی سەرەکی و گرنگترین ئەرکە، پێویستی بە ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای دۆزی ڕەوای کورد لەو بەشەی کوردستان هەیە و هاوکات ڕاکێشانی پشتیوانیی بۆ ئەو خەباتە هێز و وزەی زیاتر دەداتە بزووتنەوەکە. بۆیە کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستی بە دیپلۆماسیی کارامەی پشتبەستوو بە هێزی جەماوەری خەباتکار هەیە و دەبێت بتوانێت لە ناوەندە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکاندا چالاك و بەرچاو بێ و سۆز و یارمەتی و هاوکاریی لایەنە پێشکەوتوو و حیزبە چەپ و دیموکرات و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. لەو پەیوەندییانەدا پێویستە کۆمەڵە مەرجی هاوتەریببوونی ئەو هەوڵ بۆ نزیکبوونەوانە لەگەڵ ڕێزدانانی لایەنی بەرامبەر بۆ خەباتی نەتەوەی کورد بۆ مافی سەروەریی خۆی و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی، بپارێزێ. هیچ یارمەتی و هاوکارییەك لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان نابێ پێچەوانەی بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵە و بەرژەوەندە گشتییەکانی نەتەوەی کورد بێت.**

# لۆژیکی ڕزگاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:
# خوێندنەوەیەکی سۆسیالیستی بۆ خەبات، ڕێکخستن و ئازادی



ڕۆشنا ژیان



**لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو شوێنەی کە مێژوویەکی دوورودرێژی خەبات دژی چەوسانەوە و نا یەکسانی بەردەوام بووە، چەمکی ڕزگاری پێش ئەوەی تەنیا بیرۆکەیەکی تیۆری بێت، بووەتە پێویستییەکی بابەتی و مێژوویی. ئەزموونی ژیانی خەڵک ئەوەی سەلماندووە کە پێکهاتە سیاسی و ئابوورییە دەسەڵاتدارەکان، لە ڕێگەی دووبارە بەرهەمهێناوەی هەڵاواردن و بێبەشکردن، دەرفەتی بەشداریی ئازادانە و دیاریکردنی چارەنووسیان سنووردار کردووە. لە بارودۆخێکی وەهادا، دیدگا چەپە سۆسیالیستییەکان—بەتایبەت لە نەریتی خەباتگێڕانەی کۆمەڵەدا—هەوڵیان داوە ڕزگاری نەک وەک دروشمێک، بەڵکو وەک پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی پێناسە بکەن.**

**لەو چوارچێوەیەدا، ڕزگاری بە مانای گۆڕینی هاوکاتی پێوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە. تێڕوانینی سۆسیالیستی لەسەر ئەو ئەسڵە وەستاوە کە بەبێ لەناوبردنی نایەکسانییە چینایەتییەکان و چەسپاندنی دادپەروەری ئابووری، ئازادی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و سەقامگیر وەدی نایەت. لەم ڕوانگەیەوە، خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بەگژداچوونەوەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بنیادنانەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای یەکسانی، هاوپشتی و کۆنترۆڵی بەکۆمەڵ بەسەر سەرچاوەکان و چارەنووسدا.**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو شوێنەی کە مێژوویەکی دوورودرێژی خەبات دژی چەوسانەوە و نا یەکسانی بەردەوام بووە، چەمکی ڕزگاری پێش ئەوەی تەنیا بیرۆکەیەکی تیۆری بێت، بووەتە پێویستییەکی بابەتی و مێژوویی. ئەزموونی ژیانی خەڵک ئەوەی سەلماندووە کە پێکهاتە سیاسی و ئابوورییە دەسەڵاتدارەکان، لە ڕێگەی دووبارە بەرهەمهێناوەی هەڵاواردن و بێبەشکردن، دەرفەتی بەشداریی ئازادانە و دیاریکردنی چارەنووسیان سنووردار کردووە. لە بارودۆخێکی وەهادا، دیدگا چەپە سۆسیالیستییەکان—بەتایبەت لە نەریتی خەباتگێڕانەی کۆمەڵەدا—هەوڵیان داوە ڕزگاری نەک وەک دروشمێک، بەڵکو وەک پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی پێناسە بکەن.

لەو چوارچێوەیەدا، ڕزگاری بە مانای گۆڕینی هاوکاتی پێوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە. تێڕوانینی سۆسیالیستی لەسەر ئەو ئەسڵە وەستاوە کە بەبێ لەناوبردنی نایەکسانییە چینایەتییەکان و چەسپاندنی دادپەروەری ئابووری، ئازادی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و سەقامگیر وەدی نایەت. لەم ڕوانگەیەوە، خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بەگژداچوونەوەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بنیادنانەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای یەکسانی، هاوپشتی و کۆنترۆڵی بەکۆمەڵ بەسەر سەرچاوەکان و چارەنووسدا.

## ڕێکخستن و ڕۆڵی جەماوەر

یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەم دیدگایە، جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی چینە کرێکار و زەحمەتکێشەکانە لە پرۆسەی ڕزگاریدا. ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوە چەپەکان نیشانی داوە کە بەبێ ڕێکخستنی هۆشیارانە و بەشداریی چالاکانەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانکاری بنەڕەتی مەحاڵە. کۆمەڵە بە جەختکردنەوە لەسەر ڕێکخستنی جەماوەری، دروستکردنی تۆڕە مەدەنییەکان و بەهێزکردنی هۆشیاری چینایەتی، هەوڵی داوە زەمینەی پێویست بۆ بەشداریی بەرفراوان لە خەباتدا بڕەخسێنێت. ئەم ڕێکخستنە نەک تەنیا ئامرازێکە بۆ بەرگری، بەڵکو بە زەمینەسازییەک بۆ پێکهێنانی پێکهاتە جێگرەوە کۆمەڵایەتییەکانیش دادەندرێت.

## پرسی جێندەری و دادپەروەری

لە تەنیشت ئەمەشدا، پرسی یەکسانی جێندەری پێگەیەکی گرنگی لە شرۆڤە سۆسیالیستییەکاندا هەیە. لەم تێڕوانینەدا، چەوسانەوەی ژنان بەشێکی دانەبڕاوە لە پێکهاتە چینایەتییەکان و سیستەمی باڵادەستی. کەواتە ڕزگاریی ڕاستەقینە بەبێ بەشداریی یەکسانی ژنان لە هەموو کایەکاندا دەستەبەر نابێت. جەختکردنەوە لەسەر ئامادەیی چالاکانەی ژنان لە خەبات، بڕیاردان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، بەشێکە لە هەوڵەکان بۆ خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و یەکسانتر.

## یەککگرتوویی خەباتی سیاسی و ئابووری

ڕەهەندێکی تری ئەم لۆژیکە، گرنگیدانە بە پەیوەندی نێوان خەباتی سیاسی و ئابووری. دیدگا چەپەکان بڕوایان وایە ئازادی سیاسی بەبێ دادپەروەری ئابووری ناتەواوە. هەر بۆیە خەبات بۆ مافی کرێکاران، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان و بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوە (ئیستغلال)، بەشێکی جیانەکراوەی پرۆژەی ڕزگارییە. ئەم تێڕوانینە، ڕزگاری دەکاتە پرۆسەیەکی فرەڕەهەند کە هاوکات کار لەسەر پێکهاتەی دەسەڵات و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەکات.

## هۆشیاری و خۆڕێکخستن

هەروەها لەم چوارچێوەیەدا، پەروەردە و هۆشیاری سیاسی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەیە. دروستکردنی تێگەیشتنێکی قووڵ لە بارودۆخی مێژوویی و پێکهاتەکانی دەسەڵات، وا لە تاکەکان دەکات بتوانن ڕۆڵێکی چالاک لە گۆڕانکارییەکاندا بگێڕن. بەبێ ئەم هۆشیارییە، کۆمەڵگە لە مەترسی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان نموونەکانی دەسەڵاتخوازی دەمێنێتەوە.

لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، جەختکردنەوە لەسەر خۆڕێکخستن (Self-organization) و جۆرەکانی دیموکراسیی بەشداریکەر، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دیدگایەیە. ئەزموون نیشانی داوە کە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستێکی کەمدا، تەنانەت لە ئەگەری گۆڕانی دەسەڵاتدارانیشدا، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی. لە بەرانبەردا، پێکهاتە ئاسۆیی و بەشداریکەرەکان دەرفەتی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بڕیارەکاندا دەڕەخسێنن و یارمەتیدەر دەبن بۆ بەهێزکردنی هەستی بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ.

## کۆتایی:

لە کۆتاییدا، لۆژیکی ڕزگاری لەم چوارچێوەیەدا نیشانی دەدات کە ئازادی پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو، ئاڵۆز و فرەچینە. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە تێکەڵکردنی خەبات، هۆشیاری، ڕێکخستن و گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە. بەبێ دیدگایەکی وەها، ڕزگاری تەنیا لە ئاستی داواکارییەکی سنووردارردا کورت دەبێتەوە و توانای خولقاندنی گۆڕانکاریی بەردەوامی نابێت. دیدگا چەپە سۆسیالیستییەکان بە جەختکردنەوە لەم ڕەهەندانە، هەوڵ دەدەن ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکسانتر و دادپەروەرتر بخەنە ڕوو کە تێیدا مرۆڤەکان بتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بەشدار بن.

DwaRoj

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی **www.komala.com** بکەن
پەیوەندی **dwaroj.net**

# تەنگژەی ستراتیژیی ڕژێم؛ لە میلیشیای هاوردەوە تا تێرۆری خوێناوی لە هەرێمی کوردستان



کۆماری ئیسلامی لە مێژووی حوکمڕانیی خۆیدا، هەر کاتێک ڕووبەڕووی گوشارە نێودەوڵەتییەکان و هەڕەشە دەرەکییەکان بووبێتەوە، سیاسەتی «گواستنەوەی شەڕ بۆ دەرەوەی سنوور» و «سەرکوتکردنی توندی ناوخۆیی» وەک دوو کارتی سەرەکی بەکار هێناوە. لەم ڕۆژانەی دواییدا، گۆڕانکارییە سەربازییەکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، هاوکات لەگەڵ شەپۆلێکی توندوتیژی خوێناوی بە درۆن و مووشەک بۆ سەر بارەگاکانی حیزبە کوردییەکان، ئاماژەی ڕوونن بۆ قۆناغێکی نوێ لە ناسەقامگیریی ئەم دەسەڵاتە.

ڕاپۆرتە مەیدانییەکان لە شارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باس لە جێگیرکردنی کاروانە سەربازییەکانی «حەشدی شەعبی»ی عێراق دەکەن. بینینی ئەم هێزانە بە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و کەرەستەی تەواوی شەڕەوە لە مەیدانە سەرەکییەکانی بۆ وێنە وەک سنە، مەهاباد و سەردەشت، گۆڕانێکی مەترسیدارە لە شێوازی بەرگریی ڕژێمدا. چاودێرانی سەربازی پێیان وایە پەنابردنی تاران بۆ هێزە بەکرێگیراوەکانی دەرەوەی سنوور، گوزارشتە لە پەرتووکاوبوونی سوپا و بەسیج و ترسی قووڵی دەسەڵات لەو بێزارییە گشتییەی کە ناو جەستەی هێزە چەکدارە ناوخۆییەکانی گرتووەتەوە.

لە پەنای ئەمانەدا ئەم هێرشە درۆنییەی کە لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕەکەوە بە چڕی دەستیان پێ کردووە، جوگرافیای هەرێمی کوردستانیان کردووەتە ئامانجی تێرۆری دەوڵەتی. لە تازەترین پەلامارە درۆنی و مووشەکییەکاندا بۆ سەر کەمپ و بارەگاکان، بەداخەوە خوێنی پێشمەرگە و خەباتکارانی کورد ڕژا. بەپێی زانیارییە مەیدانییەکان، لە ئەنجامی هێرشە دڕندانەکانی ڕژێم بۆ سەر بارەگاکانی پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، دوو پێشمەرگە گیانیان بەخت کرد و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە. هەروەها ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێرانیش لە ناوچەی پردێ و دەوروبەری، بووەتە ئامانجی ئەم هێرشانە و زیانی گیانی و ماددی بەرکەوتووە.

لە تازەترین کردەوەی قیزەوندا؛ ئامانجگرتنی بارەگایەکی «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان» لە گەڕەکێکی قەرەباڵغی وەک بەختیاری بە درۆنی خۆکوژ، نیشاندەری قۆناغێکی نوێیە لە دەستدرێژییەکانی تاران. هەرچەندە هۆشیاریی پێشوەختەی هێزەکانی کۆمەڵە و چۆڵکردنی بارەگاکە ڕێگری لە کارەساتێکی مرۆیی گەورە کرد، بەڵام وێرانبوونی باڵەخانەکە و تێکشانی سامانی خەڵکی سڤیل، سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕژێم هیچ سنوورێکی ئەخلاقی بۆ پاراستنی گیانی مەدەنییەکان ناناسێت. تاران دەیەوێت بە نا ئەمنکردنی شارە گەورەکان و کەمپەکانی پەنابەران لە کۆیە و زرگوێز، بێدەسەڵاتیی خۆی لە بەرانبەر گورزە ئاسمانییە دەرەکییەکان بشارێتەوە و قەیرانەکان هەناردەی دەرەوە بکات.

لێدوانەکانی نوێنەرانی ڕژێم لە سلێمانی، وەک محەمەد مەحموودیانی سەرکونسوڵ، کە بانگەشەی ئەوە دەکات هێرشەکان تەنیا «شوێنە پەیوەندیدارەکانی ئیسرائیل» دەپێکن، تەنیا هەوڵێکی بێهودەیە بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانە دژی مرۆییانەی بەرانبەر بە پێشمەرگە و هاووڵاتیانی مەدەنی ئەنجامی دەدەن. شەهیدبوونی پێشمەرگەکان و وێرانبوونی خانووی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان، باشترین بەڵگەن بۆ درۆبوونی ئەم پاساوانە.

جوڵە سەربازییەکانی ئەمدواییەی ڕژێم، چ لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی هێزی بێگانەوە و چ لە باشووری کوردستان لە ڕێگەی تێرۆری دەوڵەتی و شەهیدکردنی پێشمەرگەوە، گوزارشت لە قۆناغی کۆتایی و ئیفلاسی سیاسیی تاران دەکەن. خوێنی شەهیدانی پارتی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵە و خەبات، تەنیا ڕق و کینەی مێژوویی نەتەوەی کورد بەرانبەر بەم سیستمە قووڵتر دەکاتەوە و ئیرادەی خەباتکاران بۆ گەیشتن بە ئازادی پتەوتر دەکات.

## دواستوون

# ئابووری ئێران لە قەیرانێکی قووڵتر دا

دوای دەیان ڕۆژ شەڕ و نائارامی لە نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل و لەکاتێکدا دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست و دەستپێکردنەوە گەڕێکی دیکەی دانوستان لە نێوان تاران و واشنگتۆن لە ئیسلام ئاباد، بەڵام ڕاپۆرتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنانەت کۆتایی هاتنی ململانێی سەربازی ناتوانێت دۆخی کۆماری ئیسلامی بگەڕێنەتەوە سەردەمی پێش دەستپێکردنی شەڕ ئەوەش بەلەبەرچاوگرتنی زیانێکی بەرچاوی ئابووری کە وەبەر ئێران کەوتووەوە.

هەر لەو بارەیەوە ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەترسی سەرەکی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆردومان یان گوشاری دەرەکی نییە، بەڵکوو مەترسییە سەرەکییەکە خۆی لە قۆناغی دوای شەڕدا دەبینێتەوە کاتێک کە چیتر دەسەڵاتدارانی ئێران ناتوانن هەموو شتێک لە ژێر ناونیشانی «بارودۆخی تایبەتی دوای شەڕ بشارنەوە.

بە گوێرەی ماڵپەری نێت بلاکس کە چاودێری دۆخی ئینتێرنێت لە جیهاندا دەکات بۆ زیاتر لە ٤٠ ڕۆژە ئینتێرنێتی جیهانی لە ئێران لەلایەن حکومەتەوە بە تەواوی پچڕاوە و هەر لەو بارەیەوە ئاماژە بە زیانی ڕۆژانەی زیاتر لە ٣٧ ملیۆن دۆلار دەکرێت بەم جۆرەش لە ماوەی ٤٠ ڕۆژی ڕابردوودا تەنها پچڕانی هێڵی ئینتێرنێت زیاتر لە ٢٠٠ میلیارد دۆلار زیانی لێکەوتووەتەوە.

ماڵپەری بلۆمبێرگ لە ڕاپۆرتکدا ئاشکرای دەکات لەسەدا ٧٠ بۆ ٧٥ کەرتی گاز لە مەیدانی پارسی باشووری زیانی لێکەوتووەتەوە و بەلەبەرچاوگرتنی لەسەدا ٨٥ی دابینکردنی کارەبا لە ئێران لەڕێگەی گازەوە پێشبینی دەکرێت زیاتر لە سەدا ١٧ی بەرهەمهێنانی کارەبا دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە. لە لایەکی دیکەوە بەراوەردەکان باس لەوە دەکەن کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی گاز و کارەبا لە نێوان ٣ بۆ ٨ ملیار دۆلار زیانی بە ئابووری ئێران گەیاندوە.

سەبارەت بە زیانەکانی کەرتی پێترۆشیمی ماڵپەری ئێکۆ ئێران لە ڕاپۆرتکدا ئاماژە بە وە دەکات کە لەسەدا ٦٠ی کۆمپانیاکانی پێترۆشەمی ماهشەهر و عەسەلویە لەکار کەوتووە و بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم کەرتە دووەم سەرچاوەی داهاتی وڵاتەکەیە پێدەچێت ٦ بۆ ٧ ملیارد دۆلار داهاتی ساڵانەی ئێران دابەزێت ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەپێی خەملاندنەکان پێشبینی دەکرێت کە لە نێوان ٦ بۆ ١٥ ملیار دۆلار بۆ بنیاتنانەوەی ئەم پێترۆشیمیانە بوودجە پێویست دەبێت.

هاوکات پیشەسازی پۆڵای ئێرانیش بە هۆی هێرشانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل زیانی گەورەی بینیوە، ئاژانسی ڕۆیترز باس لە زیانی ٣ بۆ ٥ ملیارد دۆلاری ساڵانە دەکات و بۆ بنیاتنانەوەی دوو کۆمپانیای پۆڵای ئێران لەوانەش کۆمپانیای پۆڵای موبارکەی ئیسفەهان و خوزستان لە نێوان ٥ بۆ ٧ملیار دۆلار بوودجە پێویست دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە ماڵپەری ئێقتساد نیوز لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بە زیانی ٢٠ ملیار دۆلاری پێترۆشیمی و پۆڵا لەسەر داهاتی ئێران دەکات.

سەرەرای زیانی گەورە بۆ سەر پیشەسازییە سەرەکییەکانی ئێران بونیادی مەسکەن ڕایگەیاندوە کە زیاتر لە ١٣٥ هەزار بینای مەدەنی زیانی گەورەیان بینیوە.

هاوکات ماڵپەری ئێکۆ ئێران ئاشکرای کردوە کە زیاتر لە ٢٠ هەزار یەکەی پیشەسازی و ٢٠ ناوچەی پیشەسازی زیانیان وەبەرکەوتووە.

لەلایەکی دیکەوە ماڵپەری بی بی سی فارسی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شەڕ زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار زیانی بە ئابووری ئێران گەیاندووە و پێدەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڵاوسان کە لە ئێستادا بە گوێرەی ئاماری فەرمی لەسەدا ٧١ ڕاگەیەندراوە لە مانگەکانی داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبێتەوە و بە تایبەت هەڵاوسانی مادە خۆراکییەکان کە لە ئێستادا لەسەدا ١١٢یە هەڵکشانی بەرچاو بەخۆیەوە ببینت.

سەرەرای زیانە ئابوورییەکان ڕۆژنامەی دونیای ئێقتساد لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە لێکەوتەکانی ئەم جەنگە بۆسەر هاوڵاتیان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری دەنووسێت“لە ئێستادا زۆرێک لە پیشەکان ناتوانن خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بکەن و بەو هۆیەوە کرێکارانیان بۆ کەمکردنەوەی تێچوونەکانیان لە کارەکانیان دووردەخرێنەوە“.

هەروەها شارەزایانی ئابووری هۆشداری دەدەن کە بەهۆی ئەم شەڕەوە و بەشێوەی ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ زیاتر لە دوو ملیۆن کەس کارەکانیان لەدەست بدەن.

بەگوێرەی شارەزایانی سیاسی ئەگەرچی لە ئێستادا ئاگربەست ڕاگەیەندراوە بەڵام قەیرانە ئابوورییەکان لە ە بەرزبوونەوەی نرخەکان، بێکاری، تێکچوونی ژێرخانی ئابووری، پەکخستنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گەڕانەوەی ناڕەزاییەتی لەسەر شەقامەکان هەیە و تەنانەت هەندێک سەرچاوەی نزیک لە حکومەت، ئابوورییان وەک گەورەترین مەترسی داهاتوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران وەسف کردوە.